# چرکە

ژمارە 25

مۆڵەتی ژمارە (368)سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی وەرگرتووە

گۆڤارێکی سیاسی گشتی ئازادە    سائی سێیەم    ژمارە 25    15 - 2 - 2010    نرخ (1500)دیتار


## بە ناوی ستافی گۆڤاری ( چرکە )

پیرۆزبایی لە خۆمـــان و خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان دەکەین و دەست خۆشی لە ماندو بوونی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوکارمان بوون،وە داوای هـــاوکاری زیاتریان لێدەکەین و بە هەموان دەمانەوێت ڕەوشـــی ڕۆژنامەگەری کـــوردی بەرەو پێشـــەوە ببەین...

سەرنووسەر

14 – 2 – 2010





خاوەن ئیمتیاز:

کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

kale.baran@yahoo.com

سەرنووسەر:

محەمەد فەریق

cherka_mag@yahoo.com

دیزاینی بەرگ :

هوشنگ عمر

Hoshang_sh@yahoo.com

دیزاین:

محەمەد بابان

hama2009@yahoo.com

بۆپەیوەندی کردن

07504412444

0662568812

cherka_mag@yahoo.com

ناونیشان هەولێر:گەڕەکی برایەتی 40 مەتری

دابة شكردن: خانە ی کاوان

07504612568

چاپخانەی کوردستان

07701532640

# کێ ڕاست دەڵێت؟

کوردستان لێواو لێو پڕبووە لە دەستەو گرووپ و لایەنی هەمەڕەنگ وخاوەن بیروڕای جیاواز بەجۆرێك کە باس لەهەر بابەتێك بکەی مۆری لایەنێکی پێوە دیارە و هەموویان باس لە باروودۆخی کوردستان و نەهامەتی و شکست و ئازارەکانی کۆمەڵگا و ڕێگاچارەکان و سەروەری یاسا دەکەن،ئەگەر لەڕوانگەی تیئۆری سەرنج بۆ قسەکان و ویستەکان و شێوازی دەربرینی کارکردنیان بدەین ئەوا لە کوردستان هیچ کێشەیەکی نییە و بەم زوانە دەکرێتە بەهەشتی سەرزەوی و هیچ ئازاروو کێشەیەك بوونی نابێت کە هاوڵاتیان ڕەنجاو نیگەران بکات چونکە هەموویان خۆیان بەهەڵگری بزاوتێکی یەکسانی و دادپەروەری دەزانن؛ بەڵام ئەگەر هەموو ئەمانە دەیانەوێ بەم شێوازە کاربکەن و دەیانەوێ یەك هیواو یەك ئاوات بۆ ئەم وڵاتە بەدی بێنن!ئەی باشە ئەو هەموو ژاڵە ژاڵە و ئاڵۆزی و ناکۆکی لە نێوانیان هۆکاری چییە؟ئەی بۆ ڕۆژانە هەوڵ دەدەن یەکتر بشکێنن و هەوڵ دەدەن ئاستی جەماوەری یەکتری دابەزێنن؟؟بۆچی دەست دەخەنە سەر خاڵە لاوازەکانی یەکتر بەمەبەستی شکاندن؟بۆچی پەلەقاژە دەکەن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری بەڕێگا دروست و نادروستەکان؟ دیارە کە ئەمڕۆ ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە لەژێر سێبەری ئەم هەمو لایەن و گرووپ و قسەو قسەڵۆکە بەرێوە دەچێ و ئاسمانی سیاسی کوردستانی لێڵ کردووە و خەڵك چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی خۆرن کە تاریکی وڕەشیەکان و ناڕاستیەکان لابدات و بزانن کامەیان ڕاست دەڵێن و کامەیان پەرۆشی ئەم میللەتەن؟؟چونکە هەمووومان دەزانین کەئەم بارودۆخەو ئەم شێوازانەی ئێستا بوونی هەیە ناتوانێت ڕیفۆرمی ڕاستەقینەبکات و تەندروست بێت؛ فرە دەنگی و فرە ڕای جیاواز هەمیشە هۆکاری پێشکەوتنە ئەگەر بەمەبەستی تێکدان و شێواندن نەبێت،ئەگەر تێیدا پلانی نابەجێو ناڕەوا بەمەبەستی جۆراوجۆر بوونی نەبێت. لەبیرمان نەچێت شێوازی مەدەنی و نا توندوتیژی لە هەموو وڵاتێك دەتوانێ دروستکەرو پردی پەڕینەوە بۆ سەروەری بێت.ڕەگ و ڕیشاڵەی شێوازی بزاڤێکی مەدەنی لە ڕۆحی لێبوردەیی و خۆشەویستی و یەکتر قەبوڵ کردندایە. بەڵام ڕۆژانە لەم وڵاتە دا دەبینرێ و دەبیسترێ کە لایەنگرانی ئەم لایەنەو فلان گروپ و فلان حزبی سیاسی باس لە ئازارەکانی هاوڵاتیانی بێ چارەو منداڵانی سەر شەقام و بێ نازەکانی ئەم هەرێمە دەکەن بە بەهانەی بەتەنگەوە هاتنیان و فریاکەوتنیان،زامەکان و برینەکان دەکولێننەوە جارێکی تر هەناسەی پڕ لە ناسۆریان پێ هەڵدەکێشن.!!لێرەدا پرسیاری هاوڵاتی ئەوەیە کە کام لەوانە ڕاست دەکەن؟ئایا کولاندنەوەی برینەکان و دوبارە نیشاندانی ئازارەکان تا چەند بەمەستی سارێژ کردنیان باس دەکرێ؟ئەم کەش و هەوایە وایکردووە هاوڵاتی سەری لێبشێوێو دڵنیا نەبێت لە متمانەکردن پێیان،کە ئەمەش بۆ ژێرخانی



**کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد**

سیاسی وڵات و لە داهاتوودا ترسناکە. باوەڕهەبوون بە دیموکراسی و بنەماکانی ناکرێ ببێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی و دروست بوونی شێوازە ئاڵۆزەکان و ڕێگاکانی ناتەندروست و نا ڕاست.دەبێ بزانرێکە ئەو لایەن و ئەحزابە سیاسیانە ڕاست دەکەن و لەلای جەماوەر بە ڕاستگۆ دادەنرێن کە هەولبدەن بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی هێزو تواناکانی ناوخۆیی بەمەبەستی بەهێزکردنی سەنگەرەکانی بەرگریی لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدوادا چونی مافەکان. ئەوانە ڕاست دەڵێن کە هەوڵ دەدەن ئینتمای نەتەوەیی و نیشتیمانی لە ناخی کوردستان بپارێزن و زیاتر گەشەی پێبدەن. بۆیە هەرلایەنێك کە بەپێی توانای بتوانێ هەوڵ بدات هەرێمی کوردستان لە هەموو زاویەو گۆشەکانیەوە ببینێ و هەوڵی هاتنەدی ئاواتی کورد بدات ئەوا بە دڵنیایی ڕاست دەڵێت.

# رەنگە ئەم هەڵبژاردنە دواین هەڵبژاردنی گشتی بێت لە عێراقدا...



عومەر شەریف

بەهەموو پێوەرەکان عێراق وهەرێمی کوردستان لە بەردەم ئەزمونێکی تازە وقۆناغێکی هەستیار ولە هەمان کاتدا ئاڵۆزیشدایە,ئەزمونی هەڵبژاردنی فرە بازنەیی وکراوە وفرە لیستی بۆ عێراقیەکان ئەزمونی تازە ونەبووە ولەمێژوی عێراقدا هەڵبژاردنی وە ئەگەر هەبووبێت زۆر کەم بووە وبۆ کوردستانیش قۆناغێکی نوێ وئەزمونێکی پێشکەوتووە بەتایبەت کاتێك ئاکامەکانی جێگردەبێت,لەم هەڵبژاردنەدا خاڵ گەلێك دەخرێنە سەر پیتەکان و فرە بابەت و فایلی هەستیار دەکەونە دەر ودەبێتە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردن تێڕامانی سیاسیەکان دەبێت ورەنگە هەر ئەو فایلانەهاوپەیمانێتی نوێ دروست بکات وهەندێك هەوپەیمانی ئێستا لەبەر یەك هەڵوەشێنێت وئەوکات یاسا بەرژەوەندی زیاتر پەیڕەو دەکرێت. ئێستا جیا لە خودی عێراقیەکان ململانێ بەکی سەختی ولاتانی ئەقلیمی وزلهێز بۆئاراستەکردنی ڕەوت وئاکامی هەڵبژاردنەکان هەیە,بێگومان ئەمریکا و ئەوروپا و ترکیا و ئێران وعەرەبی ناوچەکە خەریکی ڕێکخستنی فایلەکانی خۆیانن وبەخەستی یاری بەداش و دەست وباڵەکانی خۆیان دەکەن و تا هەڵبژاردن تەواو دەبێت ،شەونخونی و گەرم وگوڕی دەست تێوەردان لەوپەڕی جۆش وخرۆشدا دەبێت,بەداخەوە هەر بۆ پیشاندانی باڵا دەستی هەندێك لەو ولاتانە بەهەدەردانی خوێنی عێراقیەکانە وقوربانیانی گیانی خەڵکانی سڤیل ومنداڵ وپیرەکانی نێو شەقامەکانە,دیسان مایەی خەم وپەژارەیە کەلەم خوێن ڕشتنەدا دەستی خودی عێراقیەکانی بەزەقی تێدایە وپاساویان ئازادی ونیشتیمان پەروەری ودەرکردنی داگیرکەر وهێنانی بەهەشتێکی چاوەڕوان کراوە بۆ عێراقیەکان؟؟!!! لەهەڵبژاردنی گشتی رابردوو بەعسیەکان وبەشێکی زۆری سوننەکان بەشداری ئەو هەڵبژاردنەیان نەکرد وبیانویان هەڵبژاردن لەژێر سێبەری داگیرکارددا نەکردنیە ، هەر ئەمەش وای کرد وێڕای تەقینەوە وشەڕی تایەفی ومەزهەبی گۆڕپانەکە بۆ شیعە وکورد تا رادەیەکی باش لەبار وگونجاو بوون ڕێژەکی باشیان لە کەیکی حکومەت وپەرلەمان بەرکەوت ودواجاریش بۆ کورد دەرکەوت هێشتا زۆری ماوە لەنیاز هە رچە ندە ودەرونی عارەبی عێراق بێخەم بێت وخودی هاوپەیمانەکانی دوێنێ کورد ئەو نیەت ونیاز پاکە نەبوون کە کورد پشتی لێکردبوونەوە,وەلێ سوننە ئیستا بەوپە ڕی هێز وتوانایانەوە پەلەقاژێی زۆرترین بەشداری کردنن,لەبەرانبەر ئەمەشدا شیعەی دەسەڵات لەدەست بۆ کەم کردنەوەی ئەم هاتنە پیشەوەی بەعسیەکان و سوننیەکان خەریکی ڕێگە لێگردن ولەمپەر دروست کردنن ورەنگە دەزگای داد ولێپرسینەو(ریشەکێش کردنی بەعس) دار دەستێکی خراپ نەبێت ولەم ڕوانگەشەوە نابەعسیەکانیشی پێوە دەلکێنن کە بەرکابەری خۆیانی دەزانن,گەرمی شە ڕی زۆرترین بەشداری

وزۆرترین دەنگ هێنان گرنگی ئاکامەکان دەسەلمێنێت،بۆ چەند کورسیەك وفێڵ و غەدرکردن لەکورد ئەنجامدانی هەڵبژاردن کەوتە ئەگەر ونەگەرەوە وکار گەیشتە دەست تێوەردانی ئەمریکا وکۆشکی سپی ونەتەوە یەکگرتووەکان وخەڵکانی تریش،گرفتی گەورە بۆ دامەزراندی حکومەت و پەرلەمان وپارێزگاری لە یاسا و ژیانی خەڵك لەدوای هەڵبژاردنەکان جێگای مەترسییە وکەس ناتوانێت گرەوی تەواوی لەسەر بکات وخودی شیعەکان کە زۆرینەن بوونەتە چەند بەش وگروپێکەوە تەنانەت حزبە گەورەکانی دوێنی لە جارێك زیاتر لەت وجیابوونەویان تێکەوتووە ولەناویەك حزبیشدا بەزە قی رای زۆر جیاواز هەست پێ دەکرێت،مامەڵکردن لەگەڵ سوننەکانیش بۆ شیعە وکورد مامەڵەیەکە نەدڵی پێ خۆش دەکرێت ونەئەوەندەش جێگای متمانەنییە حکومەت وپەرلەمان لەسایەی ئەم پێکهاتانە بێ لەرزو خەوش بێت،کۆمەڵێ بابەتی هەستیار وپڕ ئاریشە بە هەڵواسراوی لە نێوان کوردستان وناوەندا ماوەتەوە،وەکو بۆمێکی قورمیش کراو چاوەڕێی کردنەوەیەتی بۆ دوای هەڵبژاردنەکان.

بابەتی پێشمەرگە و نەوت و سەدوچل و ستافی کابینەو وزارەتەکان و دام دەزگاکان ودەیان بابەتی تر کە هێشتا ئێمە لێی بێ ئاگاین خەریکن دەچنە سەر گرفتەکان ئاڵۆزیەکانی دەتروکێن،تێکڕای ئەم بابەتانەش بۆ چارەسەر کردن نەچوونە پێشەوە وکورد بۆ خۆی لەو باوەڕدا نەبوو هاوپەیمانەکانی خۆی ئاوا مامەڵەی لەگەڵ بکات...بەداخەوە کەکردیان ،سەرەڕای ناکۆکیەکان خۆیان بۆدەستی دەستی کردنی کورد هاوڕا وبرا بوون.

هەڵبژاردنی رابردوو کورد تا رادەیەك بەبەهێزیەوە چووە ناو هەڵبژاردنەوە ولیستی کوردستانی بەتوانایەکی چاك وکۆدەنگیەوە توانی بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی کوردستان بکات و زۆربەی مافەکان دابین بکات وهەر ئەم کۆدەنگیەش وایکردبوو لیستەکانی لە هەوڵی هەوپەیمانی و تەوافقیدا بن لەگەڵ کورد،ئێستا لەم هەلبژاردنی ئەم جارەدا هەر پاریزگایەك بۆخۆی بازنەی خۆی هەیە وکێبڕکێ لەسەر کورسیە دیاری کراوەکانی خۆی دەکات،هێزێکی گەورەی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەتایبەت لە سلێمانی بووتە دوو پارچەوە وبەجیا وبەهەموو توانیانەوە کێبڕکێ دەکەن،لەسنوری دیالە وسەلاحەدین وبەغدا گرەوی گەورە بۆ بەدەست کەوتنی کورسی زۆر بۆ کورد ناکرێت،لەکەرکوك وموسڵ ئومێدێکی زۆر هەیە کورد نزیکەی بیست کورسیەك بخاتە سەر چل وسێ کورسیەکەی لە سێ پاریزگاکەی هەرێم،کۆمەڵێ لیستی تر لە ئیسلامی وئەوانی تردا خەریکی ئەوەن زۆر ترین دەنگ بۆ کاندید ولیستەکانی خۆیان کۆبکەنەوە،ئەو یەك دەنگی و هاوڕاییەی پێشتر هەبوو لە پەرلەمانی ناوەند ئەگەر بەهێز تر نەکرێت ئەوە زیانی گەورە چاوەڕێی کوردستان دەکات و زۆر لەمافە زەوت کراوەکانمان لەدەست دەچێت،هەستیاری بەشداری وئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ کورد پێش هەموو کەس ولایەنێك گرنگی وتایبەت مەندی خۆی هەیە،ناکرێ بەسادەی لێ بڕوانین وبەسەرماندا تێپە ڕێت،بۆ عێراقیەکانیش ئەستەمە کێشە هەڵپەستدراوەکانی نێوان هەرێم وبەغدا لەبەرژەوەندی کوردستان چارەسەر بکەن.

هەروەها فرەلیستی ودابەشبوونی دەنگەکان وکورسیەکان وجیاوازی کوتلە ولیستەکان لەوەناچێت بۆ عێراقی ئێستا سەر بگرێت وپێکەوە ژیان دروست ببێت،دوورنیە نێوان هەڵبژاردنی چاوەڕوان کراو وهەڵبژاردنی چوار ساڵی ئایندە عێراق لەسەر سێ هەرێمەکەی نەخشەکەی بایدن دابەش ببێت کە ئەمەیان شیاو ترین رێگایە بۆ رێگەگرتن لە شە ڕی تایفی ومەزهەبی ونەتەوەیی، ئەزمونی سەرنەکەتووی عێراقی یەکپارچەی دوای سەدام وماجەرای حکومەتی شیعە وزۆرینەیان لەپەرلەمانی عێراق ئەمریکای دلخۆش نەکرد وهەروەها نەیان توانی ژیانی ئارام وخەونی خۆش بۆ عێراقیەکان دابین بکات،بوونی گەندڵی نەبوونی خزمەت گوزاری وسەختی ژیانی عیراقی بن دەست مالکی نەبوونی ئارامی وای لە عێراقیەکان نەکرد هەناسەی ئۆخەی هەڵمژن و تاڵی رابردوویان بۆ شرین نەبوو،بۆیە بارودۆخەکە دەخوازێت کورد بۆ ئەگەری جیا بونەوە و سەربەخۆی و ئەگەری هەر کاردانەوەیەك و روبەروبونەوەیەك دەبێ کورد کێشەو گرفتەکانی ئەگەر بۆ کاتیش بێت بەلاوە بنێت خۆی بۆ چارەسەری چارەنوسی نەتەوە یەك بخات.

# بەیادی گردەکە



**محمد فەریق**

بەدرێژایی تەمەنی منالْی لە گردەکە یاریم دەکردو لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆم خۆشترین کاتەکان و ساتەکان و یادگاریەکانمان لەوێ تۆمارکرد. لە بیرمە ئەو ڕۆژو کاتانەی تا ماڵئاوی ڕۆژ لەوێ دەماینەوە و دایکمان دەهات بە شوێنمان و بەزۆر دەیبردینەوە بۆ ماڵ. شەو هەر بەیادی سبەینێ بووم کە هەرچی زوو بچمەوە بۆ گردەکە و بتوانم یاری تۆپی پێ و بەرد بەردێن و ڕاکردن و ...بکەم و زۆرجاریش وانەکانی قوتابخانەمان تێیدا دەخوێندەوە و بۆ تاقیکردنەوکانی مەکتەب خۆمان ئامادە دەکرد.

ئەم گردە هەموو بیری منالْی من و خۆشیەکان و ناخۆشیەکانی لە خۆدا جێگیرکردوە و زۆرجاریش خۆزگە دەخوازم زەمەن دەگەڕایەوە و جارێکی تر بە دڵێکی پڕ ئاسودەو پڕ لەهیوا لەوێ یاریم دەکردو جارێکی تر بەقوڵی هەواو نەفەسی گردەکەم هەڵدەمژی! خۆزگە دەمتوانی جارێکی تر لەوێ بونم هەبێت و بە یادی ڕۆژانی منالْی بیرەوەریەکانم لەگەڵ هاوەڵەکانم بە بەرچاو بێنمەوە !

بەڵام بەداخەوە کە ئەمە ناکرێ چونکە ئەم گردە کە من و دەیانی وەك و من کات و ساتەکانی گەورەبونیان تێیدا تێپەڕاندو یادگاریە جوانەکانمان ئیتر خاوەنەکانی گۆڕاون و چیتر منالآنی دەوروبەری گردەکە ناتوانن تێیدا کۆببنەوەو تەمەنی منالیتێیدا بەسەر بەرن.

خاوەنەکانی ئێستای ئەم گردە زۆر دوورن لە مواسەفات و باسەکانی تایبەت بە منالْ ،ئاخر ئەوان هموویان بەتەمەن گەورەو لە تایبەتمەندیش دا داگیر کەرن کە هەر چواردەوری ئەم گردەیان داوە کە منالێکیش ناتوانێ داخیل بێت ئەگەر ئەهلی ئێستای گردەکە نەبێت خۆزگە بەو ڕۆژانە کەخاوەنەکانی ئەم گردە منالْی گەڕەك و دەوروبەری بوون و جگە لەگۆڕینەوەی یارییەکان هیچی تری تێیدا نەبوو.

ئەوکات ئاسمانی ئەم گردە ڕون بوو و دەنگە دەنگ و پێکەنینی منالآن خۆشی و جوانیەکی زۆری پێ بەخشی بوو.

لەم ڕۆژانەدا ویستم بەیادی ئەو ڕۆژانە سەردانێکی ئەم دەوروبەرەو پیاسەیەك بەناو گردەکەدا بکم بەلآم بینیم نەکە تەنها ناتوانم بەڵکو دەرفەت وەرگرتنیش زۆر ئەستەمە ،ئاخر دەوروبەرەکەی سیم و تێل کراوە و لە دەرگاکەشەوە پێویستە چەندین پرسگە تێپە ڕێنی و وەلآمی چەندین پرسیاری جۆراوجۆر بدەیتەوە !

منیش بەناچاری پیاسەیەکم لە دەوری گردەکە کردو جارجاریش بەترسەوە سەیرێکی گردەکەم دەکردو لەبەر خۆمەوە دەمگوت چەند گۆڕاوە، لەناکاو منداڵێکی بێنازم بینی فرمێسك لە چاوەکانیدا قە تیسمابوو دەستم هێنا بەسەریداو لێمپرسی بەرایتۆ ئەمە گۆرانە کە مندالی و گەورەبونمان لێدەسێننەوە.

# د.بەرهەم ساڵح لەمەکتەبی سیاسی پارتی نزیک دەبێتەوە



**هیوای یەکێتیەکان لەواقیعەوە بۆ خەون دەروات**

لەوانەیە گەورەترین خەونی یەکێتیەکان وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوویێت لەپارتی، وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، بونی و بەرهەم ساڵح بەسەرۆکی حکومەت گەورەترین هیوای یەکێتیەکان بوو، بەهۆی ئەوەی یەکێتیەکان پێیان وابوو تاکە کەسێك کەبتوانن منافەسەی سیاسی پێبکەن لەبەرامبەر پارتی دیموکرات و بزوتنەوەی گۆران بە رهەم ساڵحە ، هەربۆیە هەموو هەوڵێکیان دا(د. بەرهەم ئەحمد ساڵح) لەبەغداوە بهێنەوە هەرێمی کوردستان، ئەمەش وای کرد بۆ ماوەی چەند مانگێك جیگەی کەی بەرهەم ساڵح لەبەغدا بەچۆڵی بمێنێتەوەکەبۆ کورد. جیگەیەکی گرنگ و پڕبایەخ بوو.

**پۆستێکی شکڵی**

دوای تەشکیل بوونی کابینەی شەشەم نەك بەرهەم ساڵح نەیتوانی ئەو ئاواتەی یەکێتی یەکان بهێنێتەدی ، بەڵکو لەم چەند مانگەدا خۆشی وردەوردە دەکەوێتە ژێر ئەجێندای بەرپرسانی پارتی ، بەم هۆیەشەوە نەیتوانیوە بگوترێت کەیەکێتی یەك سەرۆکی حکومەتە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی ئەو پۆستە بەدەست کادیرێکی یەکێتی یەوەیە بەڵام ئەوەی بریارەکان دەدات و حکوم دەکات پۆستدارەکانی پارتین نەك د.بەرهەم ساڵح

**د.بەرهەم ساڵح لەمەکتەبی سیاسی پارتی نزیك دەبێتەوە**

لەوانەیە ئەوەی چاوەروان نەکرابێت لەلایەن یەکێتی یەکان ئەوە بوویێت کەبەرهەم ساڵح ئەجینداری پارتی دێموکراتی کوردستان پراکتیزە بکات، بەڵام رۆژ بەرۆژ (د.بەرهەم ساڵح) سەرسامی خۆی بەکارەکان و پتەوی مەکتەبی سیاسی پارتی دەردەبڕێت، بەم هۆیەش لەمەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی نزیك دەبێتەوە، ئەو نزیك بونەوەیە لەوانەیە لەئایندەدا وای لێبکات ئەگەر نەشبێت بەپارتی واز لەیەکێتی و پۆستی مەکتەب سیاسی بهێنێت.

**هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێم**

سەرۆکی هەرێم کەلەهەڵبژاردنی بیست و



# بەهۆی موعجیب بونی (د.بەرهەمساڵح) لەمەکتەبی سیاسی پارتی نزیک دەبێتەوە

**راپۆرتی شیکاری**

پینجی حەوت راستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانی کوردستانەوە هەڵبژێردرا، ئەمە وای کرد ئەمجارە (بارزانی ) هەوڵی زیاتر بدات بۆ بەرقەراکردنی یەك دەسەڵاتی سیاسی، بۆ ئەم مەبەستەش دەستی کرد بەسەردانی کردنی بۆ ناوچە جیاجیاکان و بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەخواست و داواکاریەکانی هاوڵاتیان، بەبڕیارەکانیشی تارادەیەکی زۆر توانی ئەو بێهیوایەی کەلەناوچەی پێشوی ژێردەسەڵاتی یەکێتی دروست بوە کەم بکاتەوە، زۆربەی ئەو داواکاریانەی کەلەماوەی 19ساڵی رابردوودا حکومەتەکەی یەکێتی جێ بەجێی نەکردون جێبەجێیان بکات.

**ئایندەی یەکێتی**

لەوانەیە گەورەترین پرسیار ئەوەبێت کەبردنەوەی لیستی گۆران لەپاریزگای سلیمانی و لاواز بوونی یەکێتی لەپاریزگای هەولێر ئایندەی یەکێتی بەرەوە چ ئاقارێکی نادیارد دەبات؟ چۆن دەتوانێت لەهەڵبژاردنی حەوتی ئازاری ئەمساڵ سەرکەوتوو بێت؟ هەیمەنەی خۆی وەك حزبێکی دەسەڵاتدار بهێڵیتەوە، بەتایبەت کەهەڵبژاردنی ئەمجارە بەشێوەی لیستی کراوەیە، ئەمجارە قەبارەو دۆستی هەموو هێزە سیاسیەکان بەدیار دەکەوێت، ئەمجارە زیاتر شکستەکانی یەکێتی لەبەرامبەر پارتی و لیستی گۆراندا بەدیار دەکەوێت، کەشکستی ئەمجارەی یەکێتی گەورەترین گورزی سیاسی دەبێت کەبەدرێژایی مێژوو بەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتبێت .

**نەجات حەسەن بۆ چرکە**

# ئەوانەی خەونی خەراپ بە پارتی دەبینن با چارەسەری خۆیان بکەن باشترە



**چرکە:** دۆخی ئیستای کەرکوك لەچ قۆناغیکدایە؟ پێت وایە کورد دەتوانێت لەم هەلبژاردنە ریژەی پێشوو بهێنێتەوە؟

**نەجات حەسەن :** کەرکوك ئێستا لە قۆناغی تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخەیە کە پێی ئەوترێت پاشماوەی کەموکورتییەکانی رژێمی بەعسی لە ناوچوو ، دوای ( 2003 ) هاتنە سەرکاری ژمارەیەك لە کەسایەتییەکانی کەرکوك بە گشت نەتەوەکان ئەویش بە ( 2 ) قۆناغ بوو، قۆناغی تەرتیب کردنی سستمی ئیداری لە گشت لایەك کە هەندێ لایەن پێ ئەڵێن دابەشکردنی ئەرکەکان بە ( 6 ) بەرامبەر ( 6 ) بۆ هەر نەتەوەیەك، قۆناغی دووەم هەڵبژاردنەکان بوو کەرکوکی گرتەوە لە ( 2005 ) و لە کۆی ( 41 ) کورسی کورد و دۆستەکانی ( 26 ) کورسییان

# قورسایی پارتی دەزانین چۆنە وەڵامەکەی بۆ دوای هەڵبژاردن بێ کە ئومێدێکی زۆرمان هەیە

**سازدانی: چرکە**

بەدەست هێنا .لە لایەکی تر ئەندازەی پێویستییەکان و پاڵپشتی حکومەتی فیدراڵ لە بەغداد وەکو یەك نەبوو، بگرە زۆر لە ئاستێکی کەمتربوو، ئەمە وایکرد ئەندازەی پێویستی و کەموکورتییەکان بە ئاراستەیەك بڕۆن کە هەست بە لاوازی جێبەجێکردنی ئەرکەکان بکرێت .سەرەڕای ئەمە:- کەموکورتی ، قەبارەی پێویستییەکان ، پلانی داڕێژراوی لایەنە بەرهەڵستارەکان دژی کورد .، لایەنی ئەمنی کە رۆژانە کردەوەی تیرۆریستی روو ئەدات، هێشتا دەبینین هەستی نەتەوەیی و ئامادەبوون بۆ پارێزگاری دەستکەوتەکان نیشانەکانی بەرزن ، بۆیە دەکرا بڵێین بە بڕوای خۆم کورد دەستکەوتی باشی دەبێ لەم هەڵبژاردنەی دەکرێت لە 7 / 3 / 2010 .

**چرکە**: زۆرجار باس لەوەدەکرێت کەخەلکی کەرکوك لەپارتی و یەکێتی نارازین، ئێوە چیتان کردوە لەم بارەیەوە؟

**نەجات حەسەن** : رازیبوون یان نارازی بوون تەنها بۆ کەرکوك نییە، ئەمەش دابەش دەبێ بەسەر چەن بەشێك ، بەشێك لەوانەی نارازین لە بنەڕەتەوە بڕیاری خۆیان داوە تۆ دەڵێی سپی ئەوان دەڵێن ڕەش، بۆیە زەحمەتە ئەمانە بگۆڕا . بەشێکی تر قەبارە و وجودی سیاسییان هەر ئەوەندەیە، بۆیە ئەمانەش تا ئەندازەیەك لەگەڵ بەشی یەکەم خۆیان دەگرنەوە. بەشێکی تر راستە لەسەر کەموکورتییەکان ناڕازین هەمووی هەر کەموکورتی بەرپرسانی ئیداری کەرکوك نییە، بەشێکی نارازین لەسەر دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ، بەشێك دەڵێن ئێوە زۆر نەرمن بەرامبەر خەڵکانی دژ بە کورد ، بەشێك سەیری جۆری جێبەجێکردنی خەدەمات و پێداویستییەکان دەکەن هەڵیدەسەنگێنن، کە ئەمە ئێمەش لەگەڵ ئەم بەشەین کە دەبێ کاری زیاتر بکرێت بۆ چارەسەرکردنی . ئەوانەی رازیشن لەوانەن کە دەبینن واقعی حالی رابردوو و ئێستا چۆنە، دکتاتۆر چوو، ئێستا زەمەنێکی ترە، بۆیە ئێستا ناگۆڕنەوە بە ڕابردوو، ئەوەی کراوە وەڵامەکە خەڵك خۆی داویەتەوە هەڵبژاردنەکانی 2005 و ئەنجامەکان و خۆپێشاندانە مەزنەکەی 28 ی تەمموزی 2008 ئەمانە باشترین وەڵامن کە جەماوەر چۆن دەوری لایەنەکان هەڵدەسەنگێنن .

**چرکە**: ئێستاکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کەلیستی گۆڕان دەتوانێت لەشاری کەرکوك دەنگی یەکەم بهێنێت، ئایا پێت وایە کاندیدی پارتی یان گۆڕان و یان یەکێتی زۆرینەی کورسییەکانی کەرکوك بۆخۆیان دەبەن؟

**نەجات حەسەن** : بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان گرنگ ئەوەیە کورد سەرکەوا ، ئێمە کوردایەتیمان لا مەبەستە ، لەبەر ئەوەی ئەندازەی بێلانەکان دەزانین چەندە .بەڵام قورسایی پارتی دەزانین چۆنە وەڵامەکەی بۆ دوای هەڵبژاردن بێ کە ئومێدێکی زۆرمان هەیە .

**چرکە**: پێت وایە ئەگەر لیستی گۆڕان توانی ریژەی دەنگەکانی لەیەکێتی زیاتر بێت پێویستە پارتی بەهاوپەیمانیەتیەکەدا بچێتەوە؟

**نەجات حەسەن** : بە تەئکید لە کەرکوك دا نابێ کە نیشان دراوە ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵ یەکێتی بە پێی رێککەوتنە ستراتیژییەکەمانە .

**چرکە**: ئێستا باس لەنزیك بونەوەی پارتی

و لیستی گۆران دەکرێت، هۆی ئەم لیك نزیك بونەوە چی یە، ئایاکاریگەری نابیت لەسەر هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی ؟

**نەجات حەسەن** : وەکو ئاماژەم پێدا کوردایەتی و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان لای پارتی گرنگە، رێککەوتنامەی ئیستراتیژی پارتی و یەکێتی بەهێزە ئەمەش لە بەرژەوەندی گەلەکەماندایە .

**چرکە**: لەم ماوەیەدا بەرپرسی مەکتەبی پاراستی لقی کەرکوك دەستی لەکار کێشایەوە؟ باس لەوە دەکرا کەبەهۆی کێشەی لقەوە بوە؟ ئەمە تاچەند راستە؟

**نەجات حەسەن** : بەرپرسی پاراستنی لق مرۆڤێکی پاك و مونسەجم و کەسێکی لێهاتوو بوو لە ئەرکی خۆی و کەسێك بوو یەکبوون و بەهێز بوونی پەیوەندییەکانی هەموو لایەکی ناوخۆی لا مەبەست بوو، ئێمە پەیوەندییەکی زۆر توند و تۆڵمان هەبوو، هیچ ناکۆکی لە نێوانمان نەبووە، و هیچ کێشە نەبوو،ئەو بەرێزە یادگاری باش و خۆشی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە .

**چرکە**: ماوەیەکە باس لەگۆرانکاری کردن لەبەرپرسانی لق دەکرێت، دەنگۆی ئەوە هەیە تۆ یەکێك بیت لەو بەرپرسانە، هۆی ئەم گۆرانکاریانە چی یە؟

**نەجات حەسەن** : گۆڕانکاری یان شوێن گۆڕین یان پێاچونەوە ، ئەمە حاڵەتێکی سروشتییە لە ناو پارتی ، بۆ خۆم فێری ئەوە بووم لە شوێنە سەختەکان ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم، لە ژیانی سیاسی و بەرپرسیارێتی لەم ماوەیە قورسترین ئەرکم لە کەرکوك بووە ، ئێمە کادری پارتین لە هەر شوێنێك پارتی پێویستی بە ئێمە بێ ئامادەین .

**چرکە**: هەندێ جار لەکەناڵەکانی راگەیاندن باس لەوە دەکرێت کەئەگەر پارتی کۆنگرەی سیزدەی خۆی نەبەستیت سیناریۆی یەکیتی دوبارە دەکاتەوە، ئەمە تاچەند بونی هەیە؟

**نەجات حەسەن** : کۆنگرەی سێزدە دەبەسترێت و سەرکەوتوو دەبێ، ئەوانەی خەونی خەراپ بە پارتی دەبینن با چارەسەری خۆیان بکەن باشترە، لە ناو پارتی تەنها سیناریۆی سەرکەوتن و پێشکەوتن هەیە .

**چرکە**: ماوەیەك لەمەوبەر چەند دانیشتنێك لەنیوان یەکێتی و حزبی دەعوەی نوری مالیکی کرا، ئەمە لادان نی یە لەهاوپەیمانی نیوان پارتی و یەکیتی؟

**نەجات حەسەن** : هەر لایەنە و بەرنامە و ئسلوبی خۆی هەیە لە پەیوەندی کردن بە لایەنەکانی تر ، بە بڕوای خۆم ئەو دانیشتنە کاریگەری نابێ .

**چرکە**: هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کەکاندیدەکانی پارتی زۆرترینیان دەچنە ناو پەرلەمان، ئەگەر ریژەی کورسیەکانی پارتی لەهی یەکیتی زیاتر بێت پارتی ئامادەیە پۆستە بالاکانی بەغدا بدرین بەیەکیتی بەتایبەت سەرۆکی کۆمار

**نەجات حەسەن** : لە بارەی زۆرینەی بە ئەندام پەرلەمان بوونی کاندیدەکانی پارتی لە بەغداد بۆ نوێنەرایەتی گشتی گەلی عێراق دەبێ و بە تایبەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد ، دیسانەوە دەڵێم ئەو بابەتانە پەیوەندی بە رێککەوتنامەی ئیستراتیژی نێوانیان نییە .

## بەشێک لەوانەی نارازین لە بنەڕەتەوە بڕیاری خۆیان داوە تۆ دەڵێی سپی ئەوان دەڵێن ڕەش، بۆیە زەحمەتە ئەمانە بگۆڕی

**نەجات حەسەن کەریم لەکۆتایی ساڵی 1967 بوە بە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهێزی رزگاری و پاشان لەهێزی کاوە، لەساڵی 1981بۆتە کارگێری لقی 9ی پارتی ، لەساڵی 1987 بۆتە کارگێری لقی 3ی پارتی، ماوەیەک پاریزگاری کەرکوک بوە ،لەساڵی 2003 وە بۆ تە بەرپرسی لقی 3ی کەرکوک تاکو ئیستا لەو پۆستە بەردەوامە**

عوسمانی حاجی مارف بۆ چرکە
سکرتێری حزبی کۆمەنیستی کریکاری کوردستان

# داوادەکەین مام جەلال و نەشیروان مستەفا دادگایی بکرێن وچالاکی سیاسیان لێ قەدەغەبکرێت



عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمەنیستی کریکاری کوردستان لەدیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری چرکەدا ئاماژە بە هەوڵی ئەوان بۆ بەدادگایی گەیاندنی جەلال تاڵەبانی سکترتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی و سەرۆک کۆماری عێرقی فیدراڵ، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزوتنەوەی گۆران دەکات، تیشک دەخاتە سەر بڵاوکردنەوەی تاوانەکانی ئەو دوانە لەدەمی خۆیانەوە.

سازدانی: چرکە



# داوادەکەین مام جەلال و نەشیروان مستەفا دادگایی بکرێن وچالاکی سیاسیان لێ قەدەغەبکرێت

**چرکە:** باس لەوە دەکرێت کەئێوە دەتانەوێت کار لەسەر بەدادگا گەیاندنی هەریەک لەمام جەلال و نەوشیروان مستەفا بکەن، هۆی ئەمە چی یە؟

**عوسمانی حاجی مارف** :ئەبێت هەموو ئەوانەی گوێبیستی هەوڵی بڵاوکردنەوەی تاوانبارکردنی نەوشیروان لەلایەن مام جەلال و، لەهەمانکاتدا گوێبیستی تاوانبارکردنی مام جەلال لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە دەبێت، لەسەر هەڵەبجەو قرناقەو پشتئاشان ، و تیرۆرکردنی خەڵک لەناو شار و چەندەها تاوانی تر، خۆیان دان بەو تاوانانەدا دەنێن.

مام جەلال لەپلنیۆم دانی بەوەدا نا و لەکوردستانی نوێشدا بڵاوکرایەوە، نەوشیروانیش لەرۆژنامەی رۆژنامە یاداشتەکانی بلاوکردۆتەوە، یەکتری تاوانبار دەکەن ، کەجەریمە کراوە دەرهەق بەهەزارەها خەڵک ، ئەمە لەهەرشوێنێکی دونیا بێت، بەپێی رێساکانی مافی مرۆڤ، پێویستە ئەو کەسانەی پێشێلی یاسا دەکەن سزا بدرێن، بۆیە ئێمە بانگەوازمان کردوە لەهەموو لایەنە سیاسیەکان و ئینسان دۆستان، کەئەوانە بەدادگا بگەیێنین، پێشتر ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کردوە کەئەوانە تاوانیانکردوە ، بەڵام پێویستمان بەوە هەبوو دیکۆمێنت پەیدا بکەین، بەڵام ئیستا خۆیان دان بەوەدا دەنێن ، بۆیە ئێمە نامانەوێت بێدەنگ نەبین، دەبێت دادگای لێکۆڵینەوە دەست بکات بەدادگای کردنی ئەوانە، وەك هەرکەسێکی تر کەتاوانی کردوە ، بائەوان سەرۆك کۆمار و سەرۆکی حزبیش بن دەبێت وەك هەرهاولاتێکی تر لێ پرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر دادگا جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا ناکات دەبێت بانگی ئەوانە بکات .

**چرکە** : ئێوە چ هەنگاوێکتان ناوە لەم بارەیەوە؟

**عوسمانی حاجی مارف** : یەکەم هەنگاومان ئەوبوو لەبەیاننامەیەکدا ئەوەمان راگەیاندوە ، ئیستا لەرێگەی حزبی کۆمەنیستی کریکاری عێراقی لەبەغدا و بەهاوکاری هەردوولامان دەمانەوێت ئەو بەیانامەیە بگەێنین بەدادگای بەغدا .

**چرکە:** لایەنەکانی تر چەندە پشتگیری ئەو داوایەی ئێوە دەکەن؟

**عوسمانی حاجی مارف** : بەشێوەیەکی رسمی هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتوە، بەڵام بەشێوەیەکی شەفەیی خەڵك پشتگیری ئەو داوایەی ئێمە دەکەن ، دەریدەبرن کەداواکاریەکەمان لەجێی خۆیدایە و کاریکی باشە، هەتا هەندێ خەڵکی ناو یەکێتیش پشتگیری لەوە دەکەن ، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەوە بەئاشکرا نالێن.

ئەگەر سەرنج بدەین لەووتاری خودی (د.بەرهەم) دا باس لەوە دەکات و دەڵێ بائەو شتە کۆنانە هەڵنەدەینەوەو ئەوانە کۆن بوون، بەداخەوە سەرۆکی حکومەت کەوادەڵێ و تاوانبارنیش بەووتەی خۆیان دان بەتاوانەکانیان دەنێنن چۆن دەبێت

چاوپۆشی لەتاوانەکانیان بکرێت.

**چرکە** : ئێوە بەشێوازێکی فەرمی داواتان لەهێزو لایەنە سیاسیەکان کردوە کە هاوکاریتان بکەن لەو بارەیەوە؟وەلامی ئەوان چی بووە؟

**عوسمانی حاجی مارف** : ئێمە تەنها رامانگەیاندوە ، تائیستا بەشێوازێکی رسمی وەلامی هیچ لایەنێکی سیاسیمان وەرنەگرتۆتەوە لەوبارەیەوە.

**چرکە:** باس لەوە دەکرێت لەرابردوودا بەهۆی فتوایەکی یەکگرتوی ئیسلامی دوو ئەندامی مەکتەب سیاسی ئێوە تیرۆرکران، ئایا ئێوە لەمەو دوا کاریش لەسەر ئەوە ناکەن یەکگرتوو وەك لایەنی بەرپرس بدەنە دادگا بەهۆی ئەم رووداوەوە؟

**عوسمانی حاجی مارف** : ئەو دوو کەسانەی لەپشت ئەو کارەوە بوون گیراون و تائیستاش دادگایەکەیان هەرماوە، هەمووومان دەزانین لەکوردستان دادگای بەشێوەیەکی سست دەروات ، نەدادگاش بەراشکاوانە کار لەسەر ئەوە دەکات و نەبواریش بۆئێمە رەخساوە کەخۆمان چاودێری بکەین .

**چرکە:** ئایائێوە پێتان وایە لەپرۆسەی بەدادگای گەیاندنی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا سەرکەوتوو دەبن؟

**عوسمانی حاجی مارف** : ئەوە ئەکەویتە سەر رای گشتی ، مەسەلەکە هەردادگایی کردنی دوو کەس نی یە بەڵکو خودی سەرکردایەتی سیاسی ئەو هێزەیە، واتا گۆران و یەکێتی بەرپرسن لەو مەسەلەیە، هەموویان بەشدارن لەتاوانەکاندا ، کاری ئێمە دیارە سەندنی هەقی خەڵکەو دەرخستنی تاوانبارانە کەتاوانیان دەرهەق بەخەڵك ئەنجام داوە، ئەو کارەی ئێمەش پشتیوانی رۆشنبیران و سیاسیەکان و خەڵکی زەحمەتکێشی دەوێت ، ئومێد دەکەین سەرکەوتوبین.

**چرکە:** ئەگەر ئێوە لەو هەوڵە سەرکەوتوو نەبوون ، دواتر چ هەنگاوێك دەهاوێن؟


**عوسمانی حاجی مارف** : دەبێت هەوڵ بدەین سەرکەوتووبین، نابێت بیر لەسەرنەکەوتن بکەینەوە، لەوانەیە ئەو کێشەیە بگاتە ئەو ئاستەی ئەوان وەك هێزێکی سیاسی سنوردانان بۆ ئێمە دروست بکەن ، یان هێرش بکەنەسەر ئێمە ، هەموو شتێك واریدەو مومکینە ، ئەگەر ئەوان نەیانەوێت باری ئازادی سیاسی بپاریزن و ئازادی پەیرەو بکەن پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن ،ئێمە بیرمان لەهەموو ئەو شتانە کردۆتەوە.

**چرکە:** دوای ئەو هەوڵە دروای ئەوەش دەکەن کەئەو دوو لایەنە کەقەرەبوی مادی و مەعنەویی ئێوە بکەنەوە؟

**عوسمانی حاجی مارف** : ئەوە مەسەلەیەکی تایبەتە، تایبتە بەخۆمانە ،کەپێنج کەس کوژراون لەلایەن یەکێتی نێشتمانی کوردستان ، هێرش کرایە سەر ئێمە و بارەگاکانمان داخران ، ئەوە کێشەیەکی نێوان ئێمەو یەکێتی یە ، ئەو کەیسەی ئەمجارە پەیوەندی بەچارەنوسی وەزعی خەڵکە لەشەری ناوخۆدا ، بۆیە دەبێت ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین کەجولانەوەی سیاسی لەو جۆرە کەسانە قەدەغە بکرێت .

**چرکە:** لەماوەی رابردوودا پۆلیسی ئەنتەر پول بەدوای ئەندامانی حزبی کۆمەنیستی کریکارانی ئیراندا دەگەران، هۆی ئەمە چی بوو؟

**عوسمانی حاجی مارف** : جمهوری ئیسلامی ئێران دەیەوێت کارو هەڵسوراوانی حزبی کۆمەنیستی کریکاران سنوردار دەکات ، لەم بارەیەوە کەمپین پێك هاتوە لەبەریتانیا و سوید و ئەمریکا و شوێنەکانی تری دونیا کارمان بۆ ئەوە کردوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئیران پەنا نەباتەوە بەر ئەو جۆرە کارانە کەس لەهەڵسوراوانای سیاسی تۆمەتبار نەکات.



شوان قەڵادزەیی بۆ چرکە

# حزبە ئیسلامیەکان سەربەرزن بە خەباتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەرابردوودا

سازدانی :ئەمین ئاکۆ



سازدانی : چرکە

**شوان قەڵادزەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ووتەبێژی بزوتنەوەی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتی گۆڤاری (چرکە) دا قسە لەسەر واقیعی ئێستای بزوتنەوەی ئیسلامی دەکات، ئەو دەنگۆیانە رەت دەکاتەوە کەباس لەپارچە پارچە بونی بزوتنەوە دەکەن بەهۆی بەشداری بزوتنەوەی بەیەک لیستی لەگەڵ یەکێتی و پارتی لەهەڵبژاردنی حەوتی ئازاری ئەمساڵ .**

**چرکە**: دوای ئەوەی بزوتنەوەی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی هەریم توانی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت، بەشداری لەکابینەی شەشەمدا کردو وەزارەتی ئەوقافی پێدرا، ئەمانە بەشێك لەئیسلامیەکانی توشی شۆك کرد، هۆی ئەم شۆکی یە چی بوو؟

**شوان قەلادزەیی**: ئەگەر خەڵکێك بەرامبەر بەو دەنگانەی بزوتنەوە توشی شۆك بوو بێت، دەکرێت بڵێین ئەمانە بەرامبەر بەمێژوو، پێناسەیەکی بێویژدانانەیان هەیە بەرامبەر بەبزوتنەوە ، لەبەرئەوەی ئیسلامیەکانی تریش ئەوەی پێی سەربەرزن خەباتی بزوتنەوەیە لەرابردوودا، بزوتنەوەنەهاتۆتە سەر سەرەفری ئامادەکراو، ئێمە خاوەنی خەباتی شاخ و شارین، خاوەنی دەیان سەرکردەو موجاهیدین لەسەنگەردا شەهیدبوون، بزوتنەوە حەرەکەیەکی خۆماڵی یە بۆیە ئاسایی یە خەڵك دەنگی پێبدات و بیهێنێتە سەر شانۆی سیاسی و موئەسەساتی حکومەت ، ئەو پێگەیەمێژویەی بزوتنەوە وایکردوە جەماوەرەکەی دەنگی بۆ بدات.

**چرکە**: بەشێك لەسەرکردەو کادیرانی هێزە ئیسلامیەکان پێیان وابوو پارتی دەستی بزوتنەوەی گرتوە بۆ ئەوەی لەقەیرانەکان ڕزگاری ببێت و جارێکی تر هەستێتەوە؟

**شوان قەلادزەیی**: هەرکەسێ ئەو بیرو بۆچونەی هەبێت ئەوە شتێکی زۆر بێویژدانانەیە، ئێمە دەپرسین ئەگەر ئێمە هاوسەنگەر و هاوپەیمانی زۆر بەهێزی پارتی دیموکراتی کوردستانین ، ئیداری کوردستان بەشێوەیەکی زۆربالا بەحکومەتیشەوە لەدەسەلاتی پارتیدایە، بۆچی کەمترین بودجەی حزبەکان لەکوردستاندا بودجەی بزوتنەوەی ئیسلامی یە، کەتائیستا مانگانە (80) ملیۆن دینارە، ئەگەر ئەو بۆچونە راست بوایە ئەوە بودجەی بزوتنەوە لەبودجەی حزبە ئیسلامیەکانی تر ئەگەر زیاتر نەبوایە کەمتر نەدەبوو، کەمی بودجەی بزوتنەوە ئەوە دەگەیێنێت کەبزوتنەوە خاوەن فکرەو بەرنامەیەکی خۆیەتی لەهیچ شوێنێکەوە جوڵەو گوزەری پێناکرێت، ئەو بیروبۆچونانە تەبلیغاتە و دەیانەوێت لەو ریگەیەوە بەمێژوی بزوتنەوە و هەستانەوەکەشی بڵێین ولادیەکی سروشتی نی یە.

**چرکە**: چۆن وەك بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ هەردوو حزبی دەسەلاتدار و حزبە هاوپەیمانەکانیان بەیەك لیست بەشداری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەن؟

**شوان قەلادزەیی**: پێش ئەوەی دەنگوباسی هەلبژاردنی پەرلەمانی عێراق بێتە کایەوە ئێمە بەرسمی رامانگەیاند کەدەمانەوێت و دواکارین کەگەلی کورد بەیەك لیست بەشداری لەهەڵبژاردنی ئایندەدا بکات، ئەگەر یەك لیستی ناکرێت دەکرێت ئەو ئەفکارانەی لێکەوە نزیکن بەیەك لیست بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەن، دوای ئەوەی کورد بەیەك لیست دانەبەزی ویستمان لەگەڵ ئیسلامیەکان بەیەکەوە بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەین بەلام یەکگرتوو ووتی بریارمان داوە بەهیچ شێوەیەك هاوپەیمانی ناکەین لەگەڵ ئیسلامی و غیرە ئیسلامی ، دەشگونجێت ئەوان لەهاوپەیمانی رابردوو مارانگازبووبن، نایانەوێت هاوپەیمانی بکەنەوە، برایانی کۆمەڵیش ووتیان ئەگەر یەکگرتوو نەهێتە ناوهاوپەیمانی کەواتە ناتوانین بڵێین ئەوانەی ئەفکاریان لەیەکەوە بابەیەك لیست بین، دواتر ئەوان لیستی جیای خۆیان راگەیاند.

بۆیە بەهۆبەشداری بزوتنەوە لەو هاوپەیمانیەی ئیستا گفتوگۆی زۆر کرا لەناو بزوتنەوە، خەڵکێك هەبوو بیرو بۆچونی جیایان هەبوو لەسەر موشارەکەکردن و موشارەکەنەکردن، بەلام لەکۆتایدا رەئی سەرکردایەتی و شورا جێگەی ریزە، بۆیە بریارمان دا بەشداری لەو لیستەدا بکەین، ئینتخابی ئەوجارەش بەلیستی کراوەیە کاندیدەکان زیاتر رۆل دەبینن نەك لیستەکان، ئێمەش لەزۆربەی پاریزگاکانی کوردنشین کاندیدی خۆمان هەیە.

**چرکە**: بەهۆی ئەو هاوپەیمانیەتی یەوە باس لەوە دەکرێت سەدان کەس لەئەندامانی بزوتنەوە بریاریان داوە دەست لەکار بکێشنەوە، ئاماژەبەوە

دەکرێت کەلەوانەیە بزوتنەوە بەهۆی هەلبژاردنەوە جارێکی تر رووبەروی ئینشقاقات ببێتەوە؟

**شوان قەلادزەیی**: هەموو ئیشەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی دیارن، واباشە هەموو ئەندامانی حزب ئاگاداری بریارەکانی حزب بن، ئێمە لەشورای حزب بیروبۆچونی لێکجیامان هەبوە، بە لام ئەو بۆچونە لێکجیایانە تەنها لەهاوپەیمانیەتی کردن و نەکردنی نی یە، بەڵکو سەرجەم بابەتەکان لەلای ئێمە موناقەشەدەکرێن، ئەو مناقەشانەش نیشانەی بونی ئازادی بیرورایە لەناو بزوتنەوەدا ، لەوکاتەشدا لەوانەیە رەئی موخالیف هەبووبێت بەلام مانای وانی یە ئەگەر بەبۆچونی ئەوان نەبوو ئیتر تەواو، بیرورای شورا لەسەر هەرشتێك بوو بزوتنەوە ریز لەو رایە دەگرێت.

**چرکە**: بونی ئەو نارەزایە و دەرئەنجامەکانی چاوەروانەکراوی هەڵبژاردن ، بەتایبەت ئەگەر بزوتنەوە کورسی بەدەست نەهێنێت، جارێکی تر بزوتنەوە توشی قەیرانی گەورە ناکات؟

**شوان قەلادزەیی**: هیچ گرفتێك ناهێتە پێشەوە، ئەوە پرۆسەیە دەچیتەناوی جاری واهەیە سەرکەوتوودەبیت و جاری واش هەیە سەرکەوتوونابیت، ئێمە ئەوەندە بەلامانەوە کورسی هەدەف نی یە، گرنگ ئەوەیە بۆ مێژوو دەیسەلمێنین کەکورد دەنگ و بیرو راین، واش عاقلانەو زانستیانەیە کەکورد بۆ بەغدا یەك دەنگ بێت، ئەو لیستە جیاوازیەی کورد مانای جیاوازی کورد دەگەیێنێت.

ئێستا بزوتنەوە بەرو تۆکمەی دەروات ، بەهیچ شێوەیەك بزوتنەوە پارچە پارچە بونی بەسەر نایەت، لەبەرئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەزمونی تاڵی دوورودرێژی سینە فراوانی لەگەڵ پارچە پارچە بوندا هەیە.

**چرکە**: ماوەیەك لەمەوپێش تحسینی کوری رابەری کۆچکردوی بزوتنەوە نامەیەکی هەرەشە ئامێزی ئاراستەی بزوتنەوەو رابەرەکەی کرد، بۆ ئەوەی لەو هاوپەیمانی یەو لەکابینەی شەشەم بکشێنەوە، ئەو کێشەیە بەکوێ گەیشت؟

**شوان قەلادزەیی** : ئێمە نایشارینەوە کاك تحسین یەکێك بوە لەفەرماندە سەربازی یە بەتواناکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ، یەکێك بوە لەو کەسانەی هەر لەسەرەتاوە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوە لەمەسەلەی بەهێزبونی لایەنی سەربازی بزوتنەوە ، بەلام ئەگەر کاك تحسن وەکو ئێمە لەناو رووداوەکان بوایە ئەو هەڵوێستەی نەدەبوو، بەتایبەت رابە ری گشتی ئەزمونێکی زۆری هەیە لەناو هێزی ئیسلامیدا ، حەتمەن تێروانینەکانی لەتێروانینی شەرعەوە سەرهەڵدەدەن، لەبەر ئەوە زانایەکی ئاوا فتوای بەشداری دەدات ئەوە یەکلای بۆتەوە، لەوانەیە ئەوە زەخت و پاڵەپەستۆیەك بێت کەکاك تحسین لەجەوێکی تردا دەژیەت کەپێی وایە ئەو هاوپەیمانیەتی یە سەردەکێشێت بۆلادانی بیرو باوەری.

**چرکە**: ئیوە بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کادیرە چالاکەکانی پێشوی بزوتنەوە بهێنەو کوردستان و سودیان لێببینن؟

**شوان قە لادزەیی**: ئێمە لەهەوڵی بەردەوام داین ، زۆربەی ئەو کادیرانەش ئیش و کاری خۆیان هەیە، بەڵام کاك تحسین دوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ کوردستان لەکوردستان نەماوە، لەبەرسمی ناو ئۆرگانەکانی ئێمەشدا نی یەبلێین لەمەکەتەبێك ئیش بکات ، بەلام رۆژێك لەرۆژان رۆڵێکی کاریگەری هەبوە لەناو بەشی سەربازی بزوتنەوەدا .

**چرکە**: ئێوە چەندە گەشبینن کەبارودۆخی بزوتنەوە بەئاراستەیەکی باشتردا هەنگاو بنێت؟

**شوان قە لادزەیی**: بزوتنەوەی ئیسلامی ئەو ئابلۆقە سیاسی، ئابوری، پەیوەندی ....هتد تێپەراند ، هاتۆتەوە سەر گۆرەپانی سیاسی ، ئەمەش لەئەنجامی متمانەی ئەندامانی دڵسۆزی یەوە بوە، گەشبینیشین کەبزوتنەو بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت ، داهاتوش ئەوە دەردەخات.

**زانا رەئوف حەمە کەریم بۆ چرکە**

# بەپێی یاسای حزبەکان بزوتنەوەی گۆران مانگانە نزیکەی دووملیارو پێنسەد ملیۆن دیار وەردەگرێت .. لا

**سازدانی : چرکە**



**د.زانا رەئوف حەمە کەریم، ساڵی ١٩٧٨لە سلێمانی دایک بوە، هەڵگری بروانامەی دکتۆرا لە یاسای دەستوریدا ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆران ، ئەندامی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان**

د.زانا رەئوف حەمە کەریم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆران، ئەندامی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان لەدیمانەیەکیدا کەگۆڤاری چرکە لەگەڵیدا ئامادەی کردوە باس لەیاسای بودجەی حزبەکان دەکات، و دەڵێت»گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە پرۆژەی یاسای پشتگیری دارایی پارت و قەوارە سیاسیەکان لەسەر پێکدێت بریتین :- ئەم پرۆژەیە مامەڵە لەگەل پارت و قەوارە سیاسیەکان دەکات لە یەك ئاستدا وەك دوو جۆری ڕێکخستنی سیاسی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا.ئەم پرۆژەیە بۆ یەکەمین جار لە هەرێمی کوردستاندا پێوەرێکی تەندروست دادەنێت بۆ دیاریکردنی شێوازو چۆنیەتی سوودمەند بونی پارت و قەوارە سیاسیەکان لەو پشتگیرییە داراییەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشی دەکرێت، ئەو پێوەرەش بریتیە لە بونی کورسی پەرلەمانی».

د.زانا رەئوف ووتیشی «هەر پارتێك یاخود هەر قەوارەیەکی سیاسی توانیبێتی لانی کەم کورسیەکی پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات ، ئەوا دەتوانێت سودمەند بێت لەو پشتگیری داراییە، وە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای پارت و قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانیش هەر پارتێك یاخود هەر قەوارەیەکی سیاسی بتوانێت لانی کەم نیوەی دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکی پەرلەمان مسۆگەر

بکات، ئەوا ئەویش دەتوانێت نیوەی پارەی تەرخانکراو بۆ کورسیەکی پەرلەمانی دەستبکەوێت».
ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو یاسایە ژەندە لەبەرژەوەندی حزبەکان و هەرێمی کوردستاندایە، دەڵێت»بە دڵنیاییەوە پەسەند کردنی ئەم پرۆژە یاساییە لە قۆناغی ئێستادا لە خزمەت هاوڵاتیاندایە .گرنگترین سوود و بەرژەوەندییەکانی ئەم پرۆژەیە بۆ هەرێمی کوردستان لە حاڵەتی پەسەندکردنیدا لە پەرلەمانی کوردستان لەم چەند خاڵەدا کورت دەکرێتەوە:-ئەم پرۆژەی یاسایە سنورێك دادەنێت بۆ تێکەڵاوکردنی بودجەی تایبەتی حیزب لەگەڵ بودجەی گشتی هەرێمدا.چونکە بە داخەوە تا ئێستاش لە هەرێمدا یاسایەکی تۆکمە بەدی ناکرێت بۆ جیاکردنەوەی بودجەی حیزبە باڵادەستەکانی هەرێم لەگەڵ بودجەی گشتیدا، هەر ئەم جۆرێك لە نا شە فا فی خوڵقاندووە لە چۆنیەتی سەرف کردنی داهاتی هەرێمی کوردستان».
ئەو پسپۆرەی بواری یاسا ووتیشی «ئەگەر ئێمە توانیمان پێوەری «کورسی پەرلەمان» بکەینە بنچینە بۆ دابەشکردنی پشتگیری دارایی حکومەت بۆ پارت و قەوارە سیاسیەکانی هەرێم، وە پاشان توانیمان کۆی گشتی ئەو پشتگیرییە داراییە لە ڕێژەیەکی زۆر کەمی داهاتی گشتیدا بخەمڵێنین بۆ نمونە وامان دانا نابێت کۆی گشتی بودجەی تەرخانکراو بۆ پارت و قەوارە سیاسیەکان لە ڕێژەی 1% ی بودجەی گشتی هەرێم تێپەڕێت . لەم حاڵەتەدا ئەگەر بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان دە ملیار دۆلار خەمڵێنرابێت ئەوا کۆی گشتی بودجەی سەرجەم پارت و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمدا لە 100 ملیۆن دۆلار زیاتر نابێت. ئەمەش وا دەکات بەشی زۆری داهاتی هەرێم لە پێناو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و وەبەرهێناندا سەرف بکرێت. هەموو ئەمانەش لە کاتێکدا کە ئێستا بە پێی هەندێك زانیاری رۆژنامەوانی تا ئێستاش زیاتر لە 10 % ی بودجەی هەرێم بۆ پارتە سیاسیەکانی هەرێم دەڕوات. کەواتە لە هەموو بارێکدا پەسەند کردنی ئەم پرۆژە یاساییە لەسەردەمی ئێستادا سودێکی ئێجگار گرنگی هەیە بۆ هاوڵاتیانی هەرێم. بەو هیوایەی کە بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو داهاتی هەرێم بۆ هاوڵاتیان سەرف بکەین نەك بۆ بەخێو کردنی پارت و لایەنە سیاسیەکان. واتە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو سودەکانی ئەم پرۆژەیە ئێجگار زۆرن.
بەپێی ئەو یاسایە بەشیك لەو حزبە بچوکانەی نوینەریان لەپەرلەمان نی یە بودجە وەرناگرن ، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بەشیك لەو حزبانە، یان والەبەشیك لەو حزبانە دەکات پەنا بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان ببەن، لەم بارەیەوەئەو ئەندامی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان دەڵێت»ئەگەر ئامانجی سەرەکی حیزبی سیاسی بریتی بێت لە گرتنە دەستی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، ئەوا پێویستە ئەو پارتە سیاسیە وا لە هاوڵاتیان بکات کە ڕازییان بکات دەنگی پێبدەن.بەڵام ئەگەر پارتێکی سیاسی خەڵك ئامادە نەبێت دەنگی بداتێ یاخود ژمارەیەکی



زۆر کەمی هاوڵاتـــی دەنگی دایە بە شـــێوەیەك کە ئەو پارتە نەیتوانی کورســـیەیەکی پەرلەمان یاخود لانی کـــەم نیـــوەی دەنگی پێویســـت بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات، لەم حاڵەتەدا هیچ پێویست ناکات لە بودجەی هاوڵاتیان پارە بدرێت بـــەو حیزبەی کە خەڵك خۆی ئامـــادە نەبووە دەنگی بداتێ. چونکە ئەمە ناحەقی کردنە بەســـەر هاوڵاتیانـــەوە لە پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆیان.پاشـــان بە داخەوە تائێســـتاش پارت هەیە لە هەرێمی کوردســـتاندا دروستکراوی دوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستانە.

ئەوان لە بودجەی گشتی وڵات بەدەر لە رەزامەندی هاوڵاتیان بەبێ هیچ پێوەرێك پارەی ئەم وڵاتە بەسەر ئەو حیزب و ئـــەم حیزبدا دەبەخشـــنەوە وەك ئەوەی پـــارەی تایبەتی خۆیان بێت. بۆیـــە من وایدەبینم ئەگەر ئەم پرۆژە یاســـایە پەســـەند بکرێت ئەوا حیزبە باڵا دەســـتەکانی هەرێم ناچار دەبـــن لە بودجـــەی تایبەتی خۆیان مووچە بدەن بـــەو حیزبە بچوکانەی کە دروستکراوی خۆیانن.حیزبێکیش نەتوانێت نیوەی دەنگی کورســـیەکی پەرلەمانـــی بەدەســـت بهێنێـــت ، هەڵبوەشـــێتەوە باشـــترە لەوەی پارەو

بودجەی ئەم وڵاتە بە نارەوا بەرێت». د. زانارەئوف لەوەڵامی پرسیاری ئایا بەپێی ئەو یاسایە بەزوتنەوەی گۆران بودجە وەردەگریت، وە مانگانە چەندی بەردەکەویت، دەڵێت»بزوتنەوەی گۆڕان تا ئێستاش قەوارەیەکی سیاسیە نەك پـــارت. لە پرۆژە یاساکەشـــدا هاتوە کە ئەو پارت و قەوارە سیاســـیانەی کـــە کورســـی پەرلەمانیـــان هەیە دەتوانن ســـودمەند بن لەم یاسایە. وە بەحوکمی ئەوەی بزوتنەوەی گۆران 25 کورســـی پەرلەمانـــی هەیە ، بۆیە لەحاڵەتی پەســـەندکردنی ئەم پرۆژە یاســـایەدا بزوتنەوەی گۆران ســـودمەند دەبێـــت وەك قەوارەیەکی سیاســـی خاوەن کورسی پەرلەمانی. تائێســـتاش بڕی ئەو پشـــتگیری داراییە دیاری نەکـــراوە کە بۆ هەر کورسیەکی پەرلەمانی تەخاندەکرێت، هیوا داریشم ئەو بڕە پارەیە بەڕێژەیەك نەبێت کە لەســـەر حســـابی مافی هاوڵاتیـــان بێت لە ســـودمەندبونیان لـــە بودجـــەی گشـــتی هەرێم». لەبارەی ئەوەی ئەو یاســـایە لەکەیەوە جی بەجێ دەکریـــت، ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردســـتان دەڵێت»دوای ئـــەوەی لە پەرلەمانی کوردســـتاندا دەنگی لەســـەر دەدرێـــت و لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە تەسدیق دەکرێت .ئەوســـا لەرۆژی بڵاوکردنەوەیدا لە رۆژنامـــەی فەرمیـــدا « وەقائعی کوردســـتان» جێبەجـــێ دەکرێت».



# هەڵبژاردن یەکێتی ریکدەخاتەوە یان پەکی دەکات



ئەگەر هەڵبژاردن بەمانا مەدەنی و دێموکراسیەکەی لێکێی بدەینەوە، ئەوە بەشداری زۆری هاوڵاتیان دەگەێنێت لەپرۆسەی دەنگداندا، لەو ریگەیەوە هاوڵاتیان هەم دەیانەوێت نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن، هەمیش گەرەکیانە لەپرۆسەی بریاردان و دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکەن، چونکە باشترین وەسیلەی بەشداری سیاسی لەئەمرۆدا هەڵبژاردنە، بەتایبەت ئەگەر لەو هەڵبژارنەدا زۆرترین قەواری سیاسی بەشداریان هەبێت، نوێنەری ئایدیای جیاواز خۆیان پاڵاوتبێت. هەڵبژاردنێکی جیاواز بۆیەکەم جارە لەهەریمی کوردستاندا پەیرەوی لەلیستی کراوە دەکرێت، زۆربەی لایەنەکان بەجیا دەبنە خاوەن لیستی خۆیان، بەم هۆیەشە دەکرێت

# هەڵبژاردن شەڕێک لەپێناو مانەوە

## راپۆرتی شیکاری




راستە چەندین هەڵبژاردنی جیاواز لەکوردستان ئەنجام دراون ، بەڵام بەهۆی پەیرەو کردنی لیستی داخرا و هاوپەیمانی جۆراو جۆراو ، بەیەك لیست دابەزین هیچ کام لەحزبەکان پێگەو نفوزی خۆیان بۆ یەکلای نەبوبویەوە. هەڵبژارن شەرە قورسەکە یەکێتی ئەگەر هەڵبژاردن بۆ هیزە سیاسیەکانی تر پرۆسەیەکی تاقیکردنەوەی مەدەنی بێت، ئەوە ئەم هەڵبژاردن بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان تاقیکردنەوەیەکی سەخت و دژوارە، دەبێت جەنگ بکات لەپێناو هێشتنەوە ی پێگەی خۆی، مانەوەی وەك هێزی دووەم لەناو گۆرەپانی

بلێین بۆیەکەمین جار توانا و جەماوەری حزبەکان بەدیار دەکەوێت، مەیدنی دەنگدان قەبارەی حزبە سیاسیەکان بەدیار دەخات، ئەمەش گەورەترین میکانیزمی بەدیهێنان و چەسپاندنی ئایدیای دیموکراسی یە لەهەرێمدا،

سیاسی هەریم، حزبێکی گەورە لەسەر ئاستی عیراق بەتایبەت کەمام جەلال لەهەوڵی ئەوەدایە کەجارێکی تر پۆستی سەرۆك کۆماری بەدەست بهێنێتەوە، لەئیستاشەوە هەم هەوڵ بۆ بەدەست هێنان دەنگی زۆر و هەم رازی کردنی لایەنەکان دەدات. ململانێ سەختەکەی گۆران و یەکێتی بەهۆی لیستی کراوە لەگەڵ ئەوەی یەکێتی و پارتی و چەند هێزێکی تر بەیەك لیست بەشدارن لەهەڵبژاردن بەڵام کاندیدەکانیان لەپێناو بەدەست هێنانی دەنگی پێویستی ئەندامیەتی پەرلەمان دەکەونە ململانێ یەکی قورس، ئەوەی یەکێتی لەسەرەتاوە بریاری لەسەرداوە بریتی یە لەکەم کردنەوەی ریژەی دەنگەکانی لیستی گۆران، بەم هۆیەش هەوڵی داوە کارتە قورسەکان، جەمسەرە سەرەکیەکانی یەکێتی بەجدی بەشداری لەم هەڵبژارندەدا بکەن، بەڵام ئایا یەکێتی نیشتمانی لەم هەوڵە سەرکەوتو دەبێت؟ یان دەکرێت یەکێتی بەپیشاندانی گەراوەکانی بزوتنەوەی گۆران بەگاتە ئەو ئەنجامەی کەخۆی گەرەکیەتی؟ دەکرێت یەکێتی پشت بەو هەڵایەی کەناڵەکانی راگەیاندن و سیناریۆیانەی مەلەبەندەکان بخەڵەتێت؟ بەتایبەت کەلەهەڵبژاردنی پەرلە مانی حکومەتی هەریم ئەزمونێکی تاڵی لەگەڵ ئەم سیناریۆیانەدا رووبەروو بویەوە، ئەمەش یەکێتی توشی شۆك کرد.

یەکیتی و خانەوادەیی یەکێك لەو شتانەی بەئاشکرا ئەندامانی دەست لەکاریشاوەی یەکێتی لەپێشودا رەخنەیان لیدەگرت بونی هەیمەنە و دەسەلاتی هیرۆ خانی هاوسەری مام جەلال بوو، بەلام دوای هەلبژاردنەکان ئەوە لەدەنگۆوە بووبەواقیع و بەشێوەیەکی فەرمی کرا بەبەرپرسی مەلبەندی سلیمانی یەکێتی و لەئیستاشدا سەرپەرستی هەلبژاردنەکانی پاریزگای سلیمانی دەکات، یەکێتی دەیەوێت لەریگەی ئەوەوە سلیمانی لەبزوتنەوەی گۆران بسەنێتەوە، بەلام ئایا هیرۆبرایم احمد توانای پراکتیزەکردنی ئەم کارەی هەیە؟ ئایا دەتوانێت ئەو هەموو دەنگە تۆراوەی سلیمانی بەلای خۆیدا کێش بکات، بەتایبەت کەکەمتر لەمانگ و نیوێکی ماوە بۆ پرۆسەی هەلبژاردن، لەهەمانکاتیشدا لیستی گۆران بۆ هەلبژاردنی ئەمجارە کارتی تریات لەبەردەست دایەوە دەیانەوێت لەریگەی فرێدانی ئەو کارتانە ناوجەرگەی یەکێتی لەبەر یەك هەلبوەشێنن، جارێکی تر لەپاریزگای سلیمانی بەبراوەیی دەربچن و بسەلمێنن کەسلیمانی لەدەستی ئەواندایە نەك یەکێتی . ترسی یەکێتی لەچ شاریکە ئەوەی یەکێتی لێی دەترسێت بردنەوەی لیستی گۆرانە لەشاری سلیمانی و بردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانە لەشاری کەرکوك، بەهۆی ئەوەی یەکێتی لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە هەموو هەولی لەپاریزگای کەرکوکدا چرکردۆتەوە، ناوچەکانی تر وەك قەزا و ناوەندی پایزگای دیالا و موێلی فەرامۆش کردوە، بۆیە مام جەلال خۆی سەرپەرشتی پروپاگەندەی هەلبژاردن لەکەرکوك دەکات، هێرۆی هاوسەریشی بۆ سلیمانی دیاری کردوە، وەك ئەوەی متمانەی بەجەمسەرەکانی تری یەیەکێتی نەبێت تاوەکو ئەو دووپاریزگایەیان بخاتە ژێر دەست.



ێکەس حەمەد قادرسکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان بۆ چرکە

# لە کوردستان خەریکە دەستەڵات لە ڕێگای سندووقی هەڵبژاردن دەستاو دەست دەکا، بۆیە ئەرکی دەستەڵاتە بەچاوی هاوکار و هاوبەش تەماشای ئۆپۆزسیۆن بکا




**وادەی هەڵبژاردن نزیک بۆتەوە و خەریکی پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەسپێدەکات بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری چرکە بە پێویستی زانی دیمانەیەکی تایبەت لە گەڵ بەرێز (بێکەس حەمەد قادر) سـکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی نیشتمانی کوردستان PNK سـازبکات، ئەو پێوایە شانسی لیسـتی چەپەکان بەهێزە و چاوەڕوانی سـەرکەوتن دەکات ئاماژەش بەوە دەکات سـەرکەوتنی پرۆسـەی دیموکراسی سەرکەوتنی هەموو لایەکە**

**سازدانی : چرکە**

**چرکە** :. رەوشی پارتی نیشتمانی کوردستان PNK لە ئێستادا چۆن دەبینن ؟

**بێکەس حەمەد قادر** :. رەوشی ناوەخۆی پارتمان لە رووی رێکخستن و پەیوەندییەکان و راگەیاندن تا رادیەکی باش زۆر باشە و لە رووی رێکخستنەوە بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و دەتوانم بڵێم بە تایبەت لەدوای کۆنفرانسی سێیەمی پارتمان لە هەموو روویەك بەرەو پێشەوە چووە و لە رووی رێکخستنەوە لە هەموو کاتێك تۆکمە ترە و خودان فیکر و ئایدەلۆژیای خۆیەتی و وەك خۆشتان ئاگاداربوون پێشتر پارتمان چەندین فشاری لەسەر بوو بەڵام بە پشوو درێژی و ورەی بەرزی کادر و ئەندامان قۆناغە سەختەکانمان برین و ئێستا سەربەستانە و ئازادانە کار و چالاکی خۆمان دەکەین و ئومێد دەکەین لە ئایندەدا ئەو گرفت و تەگەرانەی تا ئێستا ماون حکومەتی کوردستان وەکو هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ئێمەش بڕوانێ و چونکە چۆن ئێمە ئەرکمانە داکۆکی و بەرگری لە وڵاتی خۆمان بکەین لەبەرامبەریشدا مافی خۆمانە کە بە شێوەیەکی یاسایی داوای مافەکانمان بکەین چونکە خەڵکی ئێمەش خەڵکێکن تێکۆشاون و هەمیشە لە بەرەی نیشتمانی گەلی خۆماندابوونە.

**چرکە** :. رەوشی سیاسی ئەمڕۆی باشووری کوردستان چۆن دەبینن؟

**بێکەس حەمەد قادر** :. باشووری کوردستان لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێشڤەچوونی زۆری بەخۆبینیوە و ئێستا هەموو لایەك بە تایبەت داگیرکەران ناتوانن دان بەو ئەمرە واقیعەی باشووری کوردستان نەنێن کە دونیا ئێستا ناتوانێ هیچ پرسێك لە رۆژهەڵاتی ناوین چارەسەربکات گەر حیسابی جدی بۆ کورد نەکات، بەڵام ناشکرێت هێشتا بڵێین کە هەرەشە لەسەر تەجرەبەی باشووری کوردستان نیە، گەر تەماشا بکەین حکومەتی عێراقی هەر رۆژە و بە بیانۆیەك کێشە بۆ باشووری کوردستان درووست دەکات و چەندین کێشە و گرفتی گەورە هەن کە تاکو ئێستا نەتوانراوە چارەسەری بنە ڕەتیان بۆ بکرێت لە سەروی هەمووشیانەوە جێ بە جێ نەکردنی ماددەی 140 و نەگەڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان کە خاکی کوردستانن کە دیارە دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان هێشتا لە بۆسەدان بۆ سەرنەگرتنی یان جێ بە جێ نەبوونی ماددەی 140 کە ماددەیەکی دەستوریشە وە لە لایەکی دی ئەو گەندەڵییەیی کە باشووری کوردستانی تەنیوەتەوە ئەگەر پێشی لێ نەگیرێ و چارەسەر نەکرێ ئەوەش هەڕشەیەکی ترە بۆیە ئەرکە هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە تێکۆشان درێژە پێ بدەن.

**چرکە** :. هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق چۆن دەبینن ؟

**بێکەس حەمەد قادر** :. لە دوای کەوتنی سەدام و روخانی دەوڵەتی عێراق لەبەر نەخوێندنەوەی واقیعی عێراق و نەزانینی ئەمریکا عێراق دەبینین کە هێشتا عێراق بۆنی خوێنی لێ دێت، ئەو عێراقەی هەموو لایەك دەیەوێ بە پینەو پەرۆ یەکێتی خاکی عێراق بپارێزێ ئەوە گەلێ زەحمەتە و ئەو عێراقەش بە دەیان هەڵبژاردنی تر خۆی لەسەر پێ ناگرێ تاکو خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ ئەم دەوڵەتە نەکرێت و چارەسەری بنە ڕەتی کێشەکان نەکرێت بە تایبەتی کێشەی هەر گەورەی عێراق دۆزی رەوای کوردستانە کە نۆهەت ساڵە بە زۆر باشووری کوردستان بەو عێراقە دەستکردە لکێندراوە و دەبێ بەر لە هەموو شتێك گەلی کوردستان بە مافەکانی خۆی بگات و ئێنجا لەوێوە دەتوانین بڵێین هەوڵی ئەوە بدرێ کە عێراق بە دیموکراسی بکرێت لای هەموو لایەکیش روون و ئاشکرایە تا شەڕ و ئاژاوە لە عێراق هەبێ بەرژوەندی دەرکی پارێزراوە دەبێ، کە عێراق ئاشتی و ئارامی بەخۆوە دیت ئەوە بە ئاسانی ئەو دەوڵەتە لێك و پێك هەڵدەوشێتەوە.

**چرکە** :. پێتانوایە هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق چۆن دەبێت ؟

**بێکەس حەمەد قادر** :. هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازترە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو چونکە هەم فرە لیستی هەیە هەم تۆ دەنگ بە کەسەکان دەدەی، بۆیە پێموایە هاوڵاتی ئازادە کام کەس یان کام لیست بە شیاو دەزانی دەنگی بۆ بدات گەرچی هەندێ لایەن فرە لیستی بە



# ئێمە تاکو ئێستا نە دەسەڵاتمان وەکو دەسەڵاتە نە ئۆپۆزسیۆن نیشمان وەکو ئۆپۆزسیۆنە

کارێکی باش نازانن بۆ ئەم قۆناغە بەڵام خۆ دەکرێ لەو سەر یەك هەڵوێستی هەبێ چونکە ئەگەر ئەمجارە گەلی کوردستان بەشداریەکی کارا نەکات لە هەڵبژاردنەکان لەوانەیە کورد ئەو دەنگ و قورساییەی جارانی نەمێنێت وەك دەبینین عەقلیەتی عەرەبی عیراقی هیچ گۆرانێکی بەسەردا نەهاتووە و بێ منەتی دەستەڵاتی کوردستانیش لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دڵی گەلێك حزب و لایەنی رەنجاند و بینیمان لەو بێ منەتیە دەستەڵات لەچاو هەڵبژاردنەکانی رابردوو تووشی چ شکستێك هات بۆیە بۆ هەڵبژاردنی عیراق دەبێ هەموو لایەك مرونەت بنوێنێ وەکو یەك تیم کار بکەین تاکو دەنگی کورد جگە لە لایەنی کوردی هیچ لایەك قانزانجی لێ نەکات چونکە هێشتا تەجرەبەکەمان هەرەشەی لەسەرە و کێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی یەکلایی نەبوونەوە .

**چرکە .:** بۆچی حزبە چەپەکانی کوردستان هەوڵنادەن لە بەرەیەك یان لە یەکێتیەك کۆببنەوە ؟

**بێکەس حەمەد قادر .:** ئەو پرسیارە قسە زۆر هەڵدەگرێت، هەژدە ساڵە چەپەکان خەریکن لەبەرەیەك بەڵام هەمیشە بەربەست دەینە پێش و شکست دێنی، چونکە چەپەکان ئەوەندی خەریکی شتی لاوەکین ناتوانن بتوانن جەماوەری چەپ یان خەڵکی چەپ لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە لە هەڵبژاردنی رابردووی کوردستان حەوت حزبی چەپی کوردستانی لە هاوپەیمانەتیەکدا تاونیان بە یەك لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن لەبەر ئەوەی خیتابێکی روونمان نەبوو تووشی ئەو شکستە گەورەیە بووین کە هەموو لایەکی تووشی شۆك کرد ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ چەند حزبێك لە راوێژداین بۆ ئەوەی بتوانین هەمووومان لەبەرەیەك خۆمان ببینیەوە هیوادارم ئەمجارەش بە دەردی جاران نەچی، چونکە دووری چەپ لە یەکدی خەڵکی دیکە دێت و بۆشاییەکە پڕدەکاتەوە.

**چرکە .:** پارتی نیشتمانی کوردستان PNK تاکو ئێستا بە فەرمی بارەگا ناکاتەوە هۆکارەکەی چییە ؟

**بێکەس حەمەد قادر .:** دیارە پارتمان لە رووی رێکخستنەوە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان پێگە و رێکخستنی خۆی هەیە و کار و چالاکی خۆی دەکات ئەگەرچی ئێمە هەندێك گرفتی یاسایکان هەبوو گەرچی ئێستا گرفتەکان کە نەماون بەلام بەداخەوە تاکو ئێستا حکومەتی کوردستان مامەڵەی یاسایمان لەگەڵ ناکات و وەك حزبەکانی تر لە رووی بوودجە و مافەکانی تر کە مافێکی سروشتی خۆمانە کە ئێمەش حزبێکی سیاسین و ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ ئێمە دەکرێت بۆ تەجرەبەی دیموکراسی باشوور و سەروەری یاسا یەك ناگرێتەوە، چونکە بۆ سێ ساڵ دەچێت تاکە حزبی کوردستانین بەبێ بوودجە و بێ

هیچ هاوکاریـــەك کاروبارەکانی خۆمان بەڕێوەدەبین و بەشداری چالاکانەشمان لە هەڵب ژاردنـــەکان ئەوەی بۆ هەموو لایەك ســـەلماند تا ئەو رادەیە جیاوازی بکرێت هیوادارین حکومەتی کوردستان کە حکومەتی هەمووانە لە ئەرك و ماف جیاوازی نەکات.

**چرکـە** :. دەســـەلات و ئۆپۆزســـیۆن هەمیشـــە باس لەوە دەکەن کە گەندەڵی هەیە و هەڕەشەیەکی گەورەیە،ئێوە ئەو رەوشە چۆن دەبینن ؟

**بێکـەس حەمەد قـادر** :. گەندەڵی هەیە و کەســـیش نکوڵی لێ ناکات چارەسەری ئەو کێشەیەش هەروا ئاسان نیە و رەگی داکوتاوە بۆیە بەڕای ئێمە ئەو کێشەیە بە یاسا چارەسەر دەبێ، چونکە گەندەڵی هەموو شـــتێکی تەنیوەتـــەوە بۆ ئەوەی تاکو ئەو وڵاتە بە دامەرزاوەیی نەکرێت و سیســـتەمێك نەبێت و وەك ئەوەی کە ئێســـتا دەیبینین هەیمەنی حیزب باڵی بەسەر هەموو شـــتێك کێشاوە تا ئێستا هەموو شـــتێك لەم وڵاتـــە بە فەرمانی حیـــزب بەڕیوەدەچێت بۆیە تا هیمەنەی حیزب لە حکومەت دوورنەکەینەوە واتە حیـــزب و حکومەت هـــەردوولا کاری خۆیان بکەن نەك وەك ئەوەی ئێستا هەیە کە تێك هەڵکێشێکبووە کە کاتێکی زۆری دەوێت ئەو دوو شتە لێکتر جیابکەینەوە، چونکە ناکرێ دەسەلاتێکی یاسا دانانی گەورە مەبەستم پەرلەمانی کوردستانە فەرمـــان لە حیزب وەربگرێت و پرۆژەی لە حزبەوە بۆ بێت و ئەو تەنها دەستی بۆ بەرز بکاتەوە، بۆیە دەبێ دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێ بە جێ کردن و دادوەری لە سیســـتەم رێکنەخـــرێ کاری خۆی نـــەکات ناتوانین بنبری گەندەڵی بکەین ئەگەرچی هەمـــوو ولاتێك لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی بەو وەزعە رەت بووە بەلام نەك وەك ئەوەی کە لە کوردســـتان هەیـــە چینێـــك دنیایەك ســـەرمایەی کۆکردۆتـــەوە و چینێکیـــش لەوپە ڕی هەژاری بژین.

**چرکە** :. ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان چۆن دەبینن ؟

**بێکەس حەمەد قادر** :. ئۆپۆزسیۆن گەر وەکو ئۆپۆزســـیۆن سەیر بکەین، هێشتا دەســـەلاتی کوردســـتان وەك دەسەلاتێك بەسیســـتەم و دامەزراوە بە ڕێوە ناچێ بەڵکو وەك لەســـەرەوە ئاماژەم پێدا ئێمە تاکو ئێستا نە دەسەلاتمان وەکو دەسەتلاتە نە ئۆپۆزسیۆنیشمان وەکو ئۆپۆزسیۆنە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ئێستا هەیە ئەوە لە نێو هەناوی حزبەکان سەری هەڵداوە و تاڕادیەکیش توانی دەنگە شـــەقامی کوردی مســـۆگەر بکات بۆیە ئەگەر تەماشا دەکەی لە نێو خودی پەرلەمانیش ئەو بەناو ئۆپۆزسیۆنە ئەوەندی خەریکی لێدانـــی حزبی بەرامبەرە خەریکی کار و پرۆژەی خۆی نیە، بەداخەوە دەیڵێم تاکو ئێمە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنێکی کارامان نەبێت وەڕا و رای جیاوازی یەکتر قبووڵ نەکەیـــن و بە چاوی دوژمن ســـەیری یەکتـــر بکەین ناتوانیـــن وڵاتی خۆمان پێش بخەین، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە لە پێناو بەرەوە پێشبردن و قوڵکردنەوەی دیموکراســـیەت کار و خەباتی خۆمان بکەین نـــەك بۆ شـــکاندن و یەکتر لە ئەرزدان ململانـــێ بکەین بۆیە دەتوانم بڵێم سەرەتایەکی باش دەستپێکردووە و لە کوردستان خەریکە دەستەلات لە رێگای ســـندووقی هەڵبژاردن دەســـتاو دەست دەکا، بۆیە ئەرکی دەســـتەلاتە بەچاوی هاوکار و هاوبەش تەماشای ئۆپۆزسیۆن بـــکا ئەرکی ئۆپۆزسیۆنیشـــە بەچاوی دەستەلاتێکی خۆمانە سەیری دەسەلاتی کوردســـتان بکات بە رەخنە و پێشنیاری بنیادنەرانـــە و بە پرۆژەی چاکســـازی کاربکات کە لەوێوە هەموو شـــتەکان لە بەرژەوەندی گشـــتی دەشکێنەوە کە هەر ئەوەشـــە تەجرەبەکەمان بەرەو پێشـــەوە دەبات.

**چرکـە** :. پەیوەندیتـــان لەگەڵ حزب و لایەنەکان چۆنە ؟

**بێکەس حەمەد قـادر** :. پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هەمـــوو لایەنـــەکان جگە لە (بـــەرەی تورکمانـــی) پەیوەندیەکـــی تەندروســـتە و چ پارتەکانی باشـــووری کوردستان چ پارتەکانی بزاڤی رزگاری خـــوازی کوردســـتان لـــە پارچەکانی دی پەیوەندیەکـــی دۆســـتانەی پتەوە و پێشـــمانوایە یەکڕیـــزی و تەبایی نێوان لایەنەکان لـــە خزمەت تەجرەبەی گەلی کوردستانە و هەر ئەوەشە تەجرەبەکەمان بەرەو پێش دەبات.

### سنەوبەر ئیسماعیل سکرتێری کۆمەڵەی ئافرەتان بۆ چرکە

# حکومەتی هەریم تائیستا گرنگی بەو یاسایانە نەداوە کەلەلایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان پێشنیار دەکرێن

**سازدانی : چرکە**



ئافرەتان و نارەزاییان لەکابینەی شەشەم دوای دامەزراندنی کابینەی شەشەم ڕووبەڕووی رەخنەی زۆر بویەوەلەلایەن ریکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان، بەهۆی ئەوەی تەنها یەك ژن لەناو کابینەکەدا بوونی هەبوو، دواتر ئەو کابینەیە بریاری دامەزراندنی ئەنجومەنی خانمانی دا، بەلام ئەوەی گرنگە تاچەند ئەو ئەنجومەنە دەتوانێت گرفتەکانی مێینە چارەسەربکات، سنەوبەر ئیسماعیل سکرتێری کۆمەڵەی ئافرەتان لەم بارەیەوە دەڵێت» ئێمە وامان چاوەروان نەدەکرد کەلەو کابینەیەدا تەنهایەك ئافرەت هەبێت، چونکە لەکابینەی پێنجەم کارێکی زۆر کرا لەبواری مافەکانی ئافرەتان، بۆیە ئەوە نارەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە بەنسبەت ئافرەتانەوە، دیارە ئەنجومەنی ئافرەتان بۆ تەواوکردنی ئەو گرفتانە نی یە کەکابینەی شەشەم هاتۆتە بەردەمی، بەڵکو پێشتریش وەزارەتی هەریم بۆ کارو باری ژنان هەبوو، لەگەڵ هەموو کەم و کورتیەکانی بەلام توانی بەشداری بکات لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. پرکردنەوەی وەزارەتی ژنان سکرتێری کۆمەڵەی ئافرەتان ووتیشی «بۆیە کاتێك وەزارەتەکان کەم کرانەوەیەکێك لەو وەزارەتانەی لابران وەزارەتی هەریم بوو بۆکارو باری ژنان ، لەدوای ئەوەحکومەتی هەریم وویستی گرنگی بدات بەمەسەلەی ئافرەتان ، ئەو بوارە بەبەتاڵی نەهێڵیتەوە ، لەبەر ئەوە ئەنجومەنی خانمان پێکهات، ئەو هەدەفەی لەو ئەنجونەدا هەیە ئەنجومەنێکی حکومی یەو سەربەئەنجومەنی وەزیرانە، (د.بەرهەم

سالّح) سەرپەرشتی دەكات، جیگری ئەو ئەنجومەنە (پەخشان زەنگەنە) دەبێت « سەربەپەرلەمان بوایە باشتر بوو سنەوبەر ئیسماعیل ئاماژە بۆ ئەوەش دەكات كەئەو بەرنامەیەی بۆ ئەو ئەنجومەن دراریژاوە كەكاری بۆ بكریت لەوانەیە بگاتە نەتیجەیەك دەڵێت» بۆیە تاچەند ئەو ئەنجومەنە دەتوانێت كار بۆ ئافرەتان بكات ئەو جێگەی پرسیارە ، بەبۆچونی من ئەگەر ئەو ئەنجونە سەربەپەرلەمانی كوردستان بوایە ئەووەختە باشتر دەتواندرا سودی لێببیندرێت، بەڵام گرنگی دانی حكومەت بەقەزیەی ئافرەت بەهەرشێوەیەك بێت باشە، پێویستی بەوە هەیە كەریكخراوەكانی ئافرەتان بەردەوام پەیوەندیان بەهێز بكەن لەگەڵ ئەو ئەنجومەنە، هاوكاری هەبێت لەنێوان رێكخراوەكانی ئافرەتان و ئەو ئەنجومەنە«.

**ریكخراوەكانی ژنان و گۆڕانكاری**
زۆرجار باس لەوە دەكرێت ریكخراوەكانی ژنان پەیامێكی واقیعبینانەیان نی یە، بۆیە نەیانتوانیوە گۆرانكاری لەسیستەمی سیاسی ، ئابوری، كۆمەڵایەتی، رۆشنبیری.... بكەن لەكوردستاندا. سنەوبەر ئیسماعیل لەم باریەوە بۆچونی وایە«ریكخراوەكانی ئافرەتان بەپێی توانا كاریان كردوە ، توانیویانە لەپێناوی خزمەتكردنی مەسەلەی ئافرەتاندا كار بكەن، لەكەم وكردنەوەی ئەو زەخت و توندوتیژی ونایەكسانی یەی كەهەیە لەبەینی ژن و پیاودا لەكۆمەڵگەی ئێمەدا، بەڵام ئەو ریكخراوانە ریكخراوی حكومی نین، ریكخراوێك نین كەدەسەڵاتیان لەدەست دابێ هەتا بڵێین تاچ رادەیەك بتوانن ئەو كاریگەریەیان هەبێت لەسەر حكومەت و كۆمەڵگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تارادەیەك توانیویەتی زەخت بخەنە سەر حكومەتی هەریم ، زۆرجار داواكاریەكانی ئافرەتانیان گەیاندۆتە حكومەت و هەوڵیان داوە بۆجێ بەجێكردنی».

**لیستی كراوە و بەرژەوەندی ئافرەتان**
لەبارەی ئەوەی چەندە لیستی كراوە لەبەرژەوەندی ئافرەتان دایە ،ئەو داكۆكیكارەی بواری مافەكانی ژنان پێی وایە« مەسەلەی لیستی كراوە باشترین ریگەیە بۆ چەسپاندنی دیموكراتیەت وبۆ ناسینی ئەو كەسانەی خۆیان كاندید دەكەن بۆ پەرلەمان، بەڵام بەنسبەت كۆمەڵگە ئێمەوەئەو تێروانینەی بەرامبەر بەئافرەت هەیە، مەجالیكی باش بۆ ئافرەت ناخوڵقێنێت، بۆچونێكی وام هەیە تارادەیەك ئافرەت زەرەدی لێدەكات» هاوڵاتیان زیاتر دەنگ دەدەن بەپیاوان بەهۆی ئەوەی سیستەمی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردی سیستەمێكی پیاوسالاری یە بۆیە بەشێكی زۆر لەهاوڵاتیان كەمتر دەنگ بەئافرەتان بدەن، ئەمەش وادەكات ئەگەر بەهۆی سیستەمی كۆتا نەبێت كەمترین ریژەی ئافرەت بگەنە پەرلەمان، سنەوبەر ئیسماعیل سكرتێری كۆمەڵەی ئافرەتان جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە دەڵێت»بەنسبەت كۆمەڵگەی ئێمە كۆمەڵگەیەكی پیاوسالاری یە، كۆمەڵگەیەكە هێشتا تێڕوانینی بەرامبەر بەئافرەت  و یەكسانی بەینی ژن و پیاو، هاتنە پێشەوەی ئافرەت لەبواری سیاسی ....هتد تێروانینێكی نایەكسانی یە، ئەم بۆچونە وادەكات زیاتر دەنگ بدەن بەپیاوێك نەك دەنگ بدرێت بەئافرەتێك، جگە لەوەی ئەو بوارەی بۆ پیاوان خوڵقاوە كەمتر بۆ ئافرەتان خوڵقاوە«

**سنوری كاری ریكخراوەكانی مێینە**
ئەوەی زۆرجار بۆتەگلەیی و سەرنج لەسەر ریكخراوەكانی مێینە ئەوەیە كەئەو ریكخراوانە زیاتر لەچەند بوارێكی دیاری كراو كار دەكەن و بوارەكانی تریان فەرامۆش كردوە بەڵام سكرتێری كۆمەڵەی ئافرەتان بۆچونێكی پێچەوانەی هەیەو پێی وایە ریكخراوەكان كاریان لەسەر هەموو مەسەلەكان كردوەو دەڵێت»توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت مەسەلەیەكی قوڵ و بەرفراوانە، توندوتیژی ئیهانەیەك دەگریتەوە تاكو كوشتنی ئافرەتێك.ئێمە بەردەوام دەبیت كاربكەین بۆ ئەوەی توندوتیژی نەمێنێت بەرامبەر بەئافرەت، دەبێت هۆكارەكانی توندویژی نەهێڵدرێت ، ئەمەش بەكردوە دەبێت.یاسای زۆر لەلایەن ئێمەوە پێشكەش بەحكومەت كراوە، وەك یاسای توندوتیژی ، خەتەنەكردن... بەڵام بەداخەوە تاكو ئیستا حكومەتی هەریم گرنگییەكی ئەوتۆی پێنەداوە«.

## بێخاڵ ئەبوبەکر سکرتێری یەکگرتوی خوشکان

# هاوسەرگیری بەقورعە لەناو یەکگرتوودا

سازدانی : چرکە



بیخاڵ ئەبوبەکر سکرتێری ریکخراوی یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لەدیمانەیەکی تایبەتی چرکەدا باس لەکاریگەی ریکخراوەکانی ژنان دەکات لەسەر حزبەکانیان، پێی وایە کارکردنی ریکخراوەکانی کوردستان بەفۆرە سروشتی یەکەدا تێپەڕینەکردوە و دەڵێت» زۆرجار ئەو پرسیارە دەکرێت کەبۆچی ریکخراوەکانی ژنان لەپاڵ حزبدان، وەك ڕەخنەیەك ئەو قسەیە دەکرێت، بەڵام دەبێت بزانیـن زەمینەی کاری ریکخراوەی لەکوردستاندا بەئاقاریکی سروشتیدا نەڕۆیشتوە، ئەمەش لەبەر ئەو هەلومەرجە سیاسی یەی کەکوردستان تێی کەوتوە، دیارە لەپێش راپەرینەوە هەندێ ریکخراوی ژنانە هەبوون بەڵام لەدوای راپەرینەوە زیاتر ریکخراوەکانی ژنان هاتونەتە مەیدانی کارکردن، بەڵام کارکردنی ریکخراوەکانی ژنان وەك کارکردنی ریکخراوەکانی وڵاتانی تر نی یە بۆنمونە ئەو وڵاتانەی شەریشیان تێدا نەبوە حزبەکان ریکخراویان بۆ تویژی جیاجیا هەیە، بەڵام بەو شێوەیەی ئیرە نی یە، لەکوردستان ئەگەر ریکخراوێك لەروی ئایدۆلۆجیشەوە سەر بەحزبێك نەبێت ئەوە لەروی مادی یەوە زۆر هاوکاری پێویستە« پێشی وایە «کە لەکوردستان هاوکاری یەکی وانی یە بۆ هەموو ریکخراوەکانی ژنان ، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ریکخراوەکانی ژناندا ناکرێت، دەتوانم بڵێم هەندێ لەریکخراوەکان

لەهەمانکاتدا حکومیشن و ناحکومیشن ، واتە (GON ) و (NGO) لەیەك لەلایەن حکومەت بودجەی زۆریان پێدەدرێت، لەلایەکی تریش کاتێك فەندی ریکخراوی نێودەوڵەتی هەیە فەندەکە وەردەگرن وەك ریکخراویکی ئین جی ئۆ، بۆیە ریکخراوەکان لەروی ئادیۆلۆجی و ماددی یەوە سەر بەحزبەکانن».

سکرتێری ریکخراوی یەکگرتوی خوشکان بۆچونی وایە هێندەی ئیش وکاری ریکخراوەکان گرنگە هێندە گرنگ نی یە سە بەچ حزبێکە، دەڵێت» من وەك خۆم هێندەی پێم وایە شێوەی کارکردنی ریکخراوەکە گرنگە هێندە بەلامەوە گرنگ نی یەسەر بەچ حزبێکە، بەڵام هەندێك لەریکخراوەکانی ژنان تەنها بونەتە مقاشێك بەدەست حزب بۆ ئەوەی دەنگ بۆ حزب کۆبکەنەوە لەکاتی هەڵبژارندا ، لەکاتێکدا پێویستە ریکخراو ببێتە پردێکی پەیوەندی لەنێوان ئەو توێژەی کاری بۆدەکات، لەگەڵ حزبەکەی خۆیدا، تیروانینی ئەندامانی حزبەکەی راست بکاتەوە لەسەر مەسەلەی ژنان، هەرچەندە من ناتوانم وەك سەرجەم ریکخراوەکان قسەبکەم بەڵام یەکگرتوی خرشکان توانیویەتی کاری زۆر بکات لەسەر راست کردنەوەی تێروانینی پیاو بۆ کار و مەسەلەی ئافرەت».

زۆر کەس پێی وایە رۆژ بەرۆژ ریژەی فرەژنی لەناو بەرپرسانی یەکگرتودا لەزیاد بووندایە، ئەمەش وەك ناکاراییی ریکخراوی ژنان لیك دەدەنەوە ، بەڵام بیخاڵ ئەبوبەکر بۆچونێکی تری هەیە پێی وایە کە فرەژنی لەناو یەکگرتودا چەند حاڵەتێکە و نەبۆتە دیاردە، دەڵێت»ئەگەر ئەمە رەخنەش بێت لەسەرمان رەخنەیەکی زۆر سانایە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئامارێك وەربگرین لەناو بەپرسانی یەکگرتودا فرەژنی زۆر کەمە، ئەوەندە نی یە بلێین بۆتە دیاردە، بەڵکو چەند حاڵەتێکە، هەرچەندە ئێمە وەکو یەکگرتوی خوشکان لەگەڵ ئەوەدانین کەشتێك ریگە پێدراوبێت ئێمە بیخەینە دائیرەی قەدەغەکراو، فرەژنی بەدەست ئێمە نی یە لەشەرعەوە هاتوە، ئەوەی لەناو یەکگرتودا هەیە چەند حاڵەتێکی تایبەتمەندە و لەوانەیە پەیوەندی بەئازادی تاکەکەسی یەوە هەبێت، وەکو شەرعیش ریگە پێدراوە، بێگومان فرەژنی لەهەندێ حاڵەتی تر باشترە کەمرۆڤ تیایدا زۆر زەرەدمەند دەبێت و کۆمەڵگەو منداڵ و خێزانیش زەرەد دەکات».

لەبارەی ئەوەی چەندە یەکگرتوی خوشکان فرەژنی بەچارەسەری کێشەی قەیرەیی دەزانێت، سکرتێری یەکگرتوی خوشکان دەڵێت»دەتوانین بلێین فرەژنی یەکێکە لەریگە چارەکان، تاکە چارەسەر نی یە، تەنها ریگەیەکیش نی یە، هەرچەندە دەتوانین بەیەکێك لەچارەسەرەکانی دابنێین ، بەڵام دەبێت ئێمە پێش هەموو شت لەهۆکارەکانی دروست بونی قەیرەیی بکۆڵینەوە ئینجا ریگە چارەی بۆدابنێین، دیارە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر هۆکاری لەپشتە وەك کێشەی نیشتەجێ بون، یان کێشەی مادی و کێشەی تری هەیە، بۆیە پێویستە حکومەت فریای ئەو گەنجانەی ئەمرۆ بکەوێت بۆ ئەوەی ئەوانیش نەبنەقەیری سبەینێ ، بەداخەوە تاکو ئیستا شوقەو زەوی دەدرێت

## تەعدا دەکەین کەسێک بەشێوەی قورعە لەناو یەکگرتوودا زەواجی کردبێت



بەو پیاوانەی چونەتە ناو پرۆسـەی هاوسـەگیری یەوە ، بۆچی حساب بۆ ئەو ئافرەتانە ناکرێت کەشـویان نەکردوەلەگـەڵ بـراو براژنیان ژیان بەسەر دەبەن ، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتانە شـوێنێکی سـەربەخۆیان هەبێت ، وەك ئەوەی لایەنەهاوسەرگیریەکەیان بـۆ مسـۆگەر نەبـوە بالەلایەنە مادەیەکـەش بـێ بـەش نەبن».

هەنـدێ جار بـاس لـەوە دەکرێت کەکچانـی ناو هێزە ئیسـلامیەکان لەکاتی پرۆسـەی هاوسـەرگیریدا داواکاری زۆرتریان هەیە، بەلام بیخاڵ ئەبوبەکر دەڵێت»ئێمە لەسەرەتای دەست بەکاربونمان بەشـێکی تایبەتمەندمان دانـا بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی ، لەو کاتەوە تاکوئیسـتا دەیـان نامیلکەو کۆڕو سـیمینار و بەرنامەی تایبەت بەهۆشیاری هاوسـەرگیرمان هەبوە لەشـوێنە جیاجیاکاندا، بەلام ئەوەی دەگوترێت کچانی حزبە ئیسلامیەکان داواکاری زۆرتریان هەیە پروپاگەندەی کەناڵەکانـی راگەیاندنـە، ئەگینا پێچەوانەکەیەتی، ئەگەر لەسـەدان حاڵەتدا چەنـد حاڵەتێك هەبێت ئێمە نکۆڵی لێناکەین ، هەندێ لەئەندامانی ئێمـەش لایەزال کاریگـەری ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیان بەسەرەوەیە وادەزانن کەلەمەسـەلەی هاوسەرگیریدا داوای زۆریان هەبێت شـتێکی باشە، ئێمە زانایانی ئاینـی ووتومانە بەختیاری لەسـەروی هەمـوو شـتێکەوەیە ، قورسای ئافرەت بەهەموو زێڕی دنیا مەزەندە ناکرێت، نەك ئەوەی بەچەند مسـقاڵێك ئاڵتـون بگۆڕدرێتـەوە، ئەو زێڕە دیاری یەکی زۆر سـادەیە کەپێشـکەش ئافرەت دەکرێت ، ئێمە زۆر قسەمان لەسـەر ئەو مەسەلەیە کردوە بەدەلیلی ئەوەی بەشـێکی زۆر لەئەندامانی ئێمە بەو شێوەیە چونەتە ناو پرۆسـەی هاوسـەرگیری یەوە.

لەدوای دروست بونی یەکگرتوو ئاماژە بەوە دەکرا کەپرۆسـەی هاوسەرگیری لەناو ئەو حزبەدا بەشێوەی قورعەیە، لەم بارەیـەوە ناوبراو دەڵێت»بەداخەوە پێویسـتە راگەیاندن بەشـێوەیەکی زانستی و بابەتی بۆ شتەکان بچێت، ئەوانەی ئەو دەنگۆیانە بڵاو دەکەنەوە نەئیتیکـی رۆژنامەوانـی دەزانن ، نەزانسـتیانەو بابەتیانە کار دەکەن، تەعدا دەکەین کەسێك بەشێوەی قورعە زەواجـی کردبێت، بەهیچ شـێوەیەك بروامـان بەقورعە نی یـە ، زەواج شـتێکی ئیختیاری یە لەنێوان دوو کەس کەدەبێت هەموو رەزامەندبونێك و دڵخـۆش بونێك هەبـێ ، ئەگینا بناغەی خۆشبەختی بونباد نانرێت».

غەفوور مەخمووری بۆ چرکە

# ئەگەر بودجەی حزبەکان ببردرێت دەرگایەکی تر بەرووی حزبەکان دەکرێتەوە، وایان لێدەکات لەریگای تر سەرچاوەی دارایی خۆیان پەیدا بکەن



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDKلەدیمانەیەکدا کەگۆڤاری چرکە لەگەڵیدا سازیداوە باس لەلایەنە سلبییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان دەگات و، پێی وایە ئەگەر بودجەی ئەو حزبانە ببردرێت کەنوێنەریان لەپەرلەمان نی یە ئەوەلەوانەیە هەندێ لەحزبەکان لەرێگەی ترەوە لایەنی مادی بەدەست بهێنن، تیشک دەخاتە سەر لاوازی رۆڵی ئەندامانی پەرلەمانی کورد لەبەغدا و، پێی وایە پێویستە کەسانی کارا بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی عیراق کاندید بکرێت، چونکە بەغدا بەرەی پێشەوەی ململانێکانە

سازدانی : چرکە

**چرکە**:ئایا نەهێنانی دەنگی پێویست بۆچوونە پەرلەمان کاریگەری نابێت لەسەر لاوازی بوونی حزبتان؟

**غەفوور مەخمووری** : ڕێکخستەکانی ئێمە بەردەوامن لەئیش و کارەکانیان ، ئەنجامی هەڵبژارنی پێشوکاریگەری نابێت لەسەر ساردکردنەوەیان بگرە سورتریان دەکات لەسەر ئیش و کار ، ئەو ڕەوشەی هەڵبژاردنەکانی تێدا ئەنجامدرا لەبەر چاوی هەموو لایەنەسیاسیەکان بوو، زۆربەی زۆرەی لایەنە سیاسەیەکان نارازی بوون لەدەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ڕەوشی سیاسی هەریمی کوردستان ناچاربوون دەرئەنجامەکان قبول بکەن .

**چرکە**: باس لەوە دەکرێت حزبە بچوکەکان لەلایەن پارتی و یەکێتی یارمەتی دەدرێن، هەرکامێکیان سەر بەیەکێك لەو دوو حزبەن،بەتایبەت دەگوترێت حزبەکەی ئێوە دروستکراوی پارتی یەو لەلایەن پارتی یەوە هاوکاری جدری دەکرێت؟

**غەفوور مەخمووری** :ئەوە پروپاگەندەیەو دوورە لەڕاستییەوە لەبەرئەوەی کەیەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کورستان YNDKلەساڵی 1995 دامەزرا لەهەولێر، ئەو کاتە پارتی لەهەولێر نەبوو بەڵکو لەمەیێف بوو، پارتی هاوکاری زۆربەی حزب ولایەنەسیاسییەکانی کردووە ، بەڵام ئەوەی هاوکاری نەکرابێت لەلایەن پارتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK بووە، تائیستا ئێمە نەمان توانیوە رادیۆیەك دابمەزرێنین ، نەمان توانیوە کەناڵێکی لۆکاڵیمان هەبێت، لەهەڵبژاردنەکانیش بێ پشت و پەناترین لایەنی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK بوو، ئێمە یەك فلسمان لەیەك حزب وەرنەگرتووە ، بەدرێژای هەموو کابینەکان بەیەك فەراش بەشداریمان نەکردووە، یەك ئەندامی ئێمە خانەنشین نەکراوە لەلایەن حکومەتەوە، ئەوە پروپاگەندەی ناحەزانی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستانە، ئەگەر تێبینی بکرێت زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەندامانی سەکردایەتی، کادیرە پێشکەوتووەکانی بەپلەی بەرز لەحکومەت خانەنشین کراون، یاخود دامەزراون، ئەگەر حزبێك دروستکراو و نزیك بێت لەحزبی دەسەڵاتدار ئەوە ڕەوشی بێت دەبێت حزبەکانی تر چۆن بێت، دەتوانین بڵێن کەمترین میزانییە یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان وەریدەگرێت.

**چرکە**: بۆچی ئێوە وەك حزبەکانی تری دەرەوەی دەسەڵات تادروست بونی بزوتنەوەی گۆڕان نەتانتوانی ببنە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن و کاریگەر لەمەیدانی سیاسی هەریمی کوردستاندا ؟

**غەفوور مەخمووری** : هۆکاری ئەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە ئیمکانیەتمان نەبووە، مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن بەئیمکانیات دەکرێت ، بەراستی ئێمە ئەو ئیمکانیاتەمان لەبەردەستدا نەبووە، یەکەم ئێمە کەمترین ئیمکانیاتمان لەبەردەستدابووە ، دووەم بروامان بەوە نەبووە پشت بەهێزی دەرەوە ببەستین ، زیاتر ئێمە پشتمان بەناوخۆی کوردستان بەستووە ، توانامان لەهێزی وڵاتانی دەوروبەر وەرنەگرتووە ، وەکو خەڵکێك کەسودی لێوەرگرتووە، لەهەمانکاتدا دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن پێویستی بەراگەیاندنی بەتواناو کاریگەر هەیە کەئێمە نەمان بووە ، لەبەر ئەوە ئیمکانیاتی ئێمە دیاری کراو بووە ، تەنها توانیومانە کرێی بارەگاکانمان بدەین و ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆمان بەرێوە ببەین، نەمان توانیوە ئیش و کارەکانمان فراوان بکەین.

**چرکە**: پەیوەندیتان لەگەڵ حزب ولایەنە سیاسییەکان لەچ ئاستێکدایە؟

**غەفوور مەخمووری** : ئێمە لەگەل تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکان پەیوەندی باشمان هەیە، بەشێوەیەکی ریك و پێك پەرەبەدۆستایەتی خۆمان دەدەین و گرفتی ئەوتۆمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی دا نییە.

**چرکە** : ئایا پێت وایە رۆژێك دێت ئێوە ببنە هێزێکی کاریگەر لەگۆرەپانی سیاسی کوردستان، بتوانن ژمارەیەکی زۆر لەکورسییەکانی پەرلەمان بەدەست

بهێنن؟

**غەفوور مەخمووری** : ئێمە بەو ئومێدە کاردەکەین، هیوادارین لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانین گەشەیەکی بەرفروان بکەین بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بتوانین کاریگەری خۆمان هەبێت ، بەئەنجامێکی باش ڕووبەروی واقیعی سیاسی ببینەوەو، بتوانین خزمەتی زیاتر بە کێشەی رەوای گەلەکەمان بکەین.

**چرکە**: چ گلەییەکتان هەیە لەکابینەی شەشەم و دەسەلاتی سیاسی هەریمی کوردستان؟

**غەفوور مەخمووری** : هەتا ئیستا ئیش و کارەکانی کابینەی شەشەم بەشێوەیەکی وابەریوە نەچووە ، لەبەر ئەوەی لەتەمەنێکی سەرەتایدایە، بۆیە دەبێت سەیری ئیش و کارەکانی بکەین ئینجا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین ، لەهەمانکاتدا کابینەی شەشەم خەریکی خۆریکخستنەوەیە لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك وەزارەت هەڵوەشاونەتەوە ، تائیستا هەنگاوی جدیمان نەبینیوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەورە لەکابینەی شەشەم لەبەر ئەوەی لەتەمەنی سەرەتایدایە.

**چرکە**: بەپێی یاسای حزبەکان ئەو هێز ولایەنەسیاسیانەی نەیان توانیوە دەنگی پێویست بەدەست بهێنن بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان و یان نیوەی دەنگیان نەهێنابێت ئەوە لەلایەن حکومەتەوە بودجەیان دەبردرێت ، ئایا ئەمە نابێتە پۆی هەڵوەشاندنەوی بەشێك لەحزبەکان ؟

**غەفوور مەخمووری** : بروناکەم هیچ حزبێك هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر ئەو یاسایە بەو شێوەیە جێ بەجێ بکرێت کەبەشێوەی ئیستا هەیە ئەوە مەبەست بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسییەکانە لەکوردستان و، بۆ بەرتەسککردنەوەی کاری سیاسییە لەکوردستاندا، لەبەر ئەوەی ئێمەی حزبی موجازین ، لەخولی رابردوو بەشداربووین لەپەرلەمان، بەشداریشین لەبزوتنەوەی سیاسی کوردستان و جێبەنجەمان دیارە، بۆ مەسەلەی دەستکاری کردنی بودجە و برینی بودجە لەوانەیە کاریگەری هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو یاسایە بەوشێوەیەی ئیستا جێ بەجێ بکرێت دەرگایەکی تر بەرووی حزبەکان دەکاتەوە، لەو کاتەدا رێ بەحزبەکان دەدات کەهەندێك هەنگاو بنێن ئەمەش لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نییە، هەرچەندە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK لەگەڵ ئەوەدا نییەبەڵام لەوانەیە حزبی تر هەبێت هەندێ هەنگاو بنێت بەرەو سەچاوەی تری ماددی ، لەریگای تر سەرچاوەی دارایی خۆی پەیدا بکات، بۆیە پێویستە پەرلەمان و حکومەت چاوێك بەو یاسایەدا بخشێننەوە بۆ ئەوەی یاسایەك بێت کەلەخزمەتی رەوشی سیاسیی کوردستان بێت و،



# لەکوردستان لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی بودجەی حزبەکان دیاری دەکرێت

بێتــە هۆکاری فــراوان بونی کایەی سیاسی نەك بەرتەسككردنەوەی بواری کاری سیاسی کوردستان.

**چرکـە**: ئەگــەر ئەو یاســایە چووە بواری پراکتیزەکردنەوە هەڵوێستی ئێوە چیدەبێــت ، بەتایبەت ئەو حزب ولا یەنانەی لەئیســتادا نوێنەریان نی یە لەپەرلەماندا؟

**غەفــوور مەخمــووری** : ئێمــە باپێــش ڕووداوەکان نەکەویــن لەگــەڵ ڕووداوەکان برۆیــن ، بابزانیــن ئەو یاسایە چی بەســەر دێت ، تائیستا یاســاکە دەرنەچووە، چونکە دەبێت شــتێك هەبێت ئینجا قسەی لەسەر بکەین، ئەوە پرۆژەیە نەبۆتە یاسا.

**چرکە**: ئایا لەکاتی پێکهێنانی کابینەی شەشەم پرس و راتان پێکرا ، داوایان لێنەکردن هاوکاریان بکەن؟

غەفوور مەخمووری : داوا لەئێمە نەکرا ، بەشــداریش نین لەکابینەی شەشەم ، ئێمــە لەکابینەکانی رابردووەوەتاکو ئیستا وەك یەکێتی نەتەوەیی YNDK بەیــەك فەراشــیش بەشــدارنین.

**چرکـە**: گەلیك جار باس لەوە دەکرێت بۆئــەوەی حزبە بچوکــەکان بگەنە پەرلەمان پێویستیان بەهاوکاری پارتی و یەکێتی هەیە، ئەو حزبانەی ئەو دوو حزبە هاوکاریان ناکەن ناتوانن بگەنە پەرلەمان؟

**غەفوور مەخمووری** : من ئەوە بەشتێکی بــاش نازانم ، پێویســتە پرۆســەی هەڵبــژاردن هەرکاتێــك ئەنجامدار بەشــێوەیەکی پاك ئەنجــام بدرێت ، ئیمکانیاتــی ماددی بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی یەکسان بێت بۆ هەمــوو لایەنە سیاســییەکانی بەشدار بووی هەڵبژاردن، پێویستە هەر حزبێك بەهەقی خۆی دەنگ بەدەست بهێنێــت نەك لەحزبێکــی تر دەنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی بگات بەپەرلەمان، لەهەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەم شێوەی بەخۆوە بینی ، جۆریك لەناعەدالەتی تێدابوو.

**چرکـە**: ئێــوە هەوڵتان نــەداوە پێش دەرچونی یاســای بودجەی حزبەکان بودجەتان بۆ زیاد بکرێت؟

**غەفــوور مەخمــووری** : ئــەوەی تێبینی دەکریــت زیاکــردن و کەمکردنــی بودجەی حزبەکان بەشێوەیەکی گشتی لەکوردستان لەسەر میزاجی شەخێی بودجەی حزبەکان دیــاری دەکرێت ، پێشتر ئێمەلەپەرلەمانی کوردستان یەك کورسیمان هەبوو، لایەنی تریش هەبوو یەك کورســی هەبووە، بەڵام بودجەی هەشت بەقەدی ئێمە بوو، لەمیزانییەی حزبەکاندا میزاجی شەخێی تەحەکوم دەکات.

**چرکە**: چۆن دەڕوانییە ئیش و کارەکانی ئەندامانــی پەرلەمانی کورد لەبەغدا چۆن هەڵدەســەنگێنیت ، پێت وایە توانیویانە ببنە نوێنەری راستەقینەی گەلی کورد؟

**غەفــوور مەخمووری** : بەغدا سەنگەری پێشــەوەی بەرگریکردنە لەمافەکانی گەل کــورد، ئەوەی بۆ بەغدا رەوانە دەکرێن دەبیت لەسەر بنەمای میزاجی سەخێی ، وەلائی خزمایەتی نەبیت، بەغــدا پێویســتی بەحزبایەتی نی یە، ئەوانەی لەبەغــدا دەبن بەئەندام پەرلەمان پێویستە کەسانی بەتوانابن لەرووی زمانەوە، لەرووی سیاسییەوە، لەرووی شیوازی کارکردنی پەرلەمانەوە، بۆئەوەی بتوانن بەرامبەر بەرامبەرەکان قسە بکەن، بتوانن رۆڵی خۆیان ببنن، بەداخەوە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی ئێمە هەمان بوون لەبەغدا چەند کەسیکیان ئیشــیان کردووەو، توانیویانە بەرگری لەکیشەکان بکەن.

## پرۆفایل

**غەفور تاهیر سەعید ناسراو بەغەفــوور مەخمــووری ، لەســاڵی ١٩٧٠ لەدەڤــەری مەخمــوور لەدایکبــووە، دەرچــووی بەشــی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددینە، خاوەنی نۆ کتێبی چاپکراوە ، خاوەنی ئیمتیــازی رۆژنامــەی میدیایە، ســکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردســتانە.پاڵ یۆراوە بو ئەندامێتــی ئەنجوومەنــی نوێنەرانی ئێراق.**

# بەرپرسانی کۆمەڵ پەرە بە فرەژنی دەدەن و دووئەندامی سەکردایەتیان ژنی دووەم دەهێنن

**راپۆرتی شیکاری**



لەگەڵ دروست بونی ئینشقاقی بزوتنەوەی ئیسلامی و دروست بونی کۆمەڵ، لەفەترەیەکی کەمدا کۆمەڵی ئیسلامی توانی گەشەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە ببنێت، بەشێکی زۆر لەسیاسیەکان پێیان وابوو ئەوەی بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی وەك میران بەجێ ماوە بنەماڵەی مامۆستا علی عبدالعزیزی سەرۆکی کۆچکردوی بزوتنەوەو چەند کەسێکی نزیك لەو بنەماڵەیە، باقی میراتەکەی تر بەر کۆمەڵ و سەرکردایەتیەکەی کەوتوە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی هەرزۆری جەماوەرەکەی بزوتنەوەی کۆن چونە ناو کۆمەڵی ئیسلامی ، لەنا و ئەو حزبە تازەیەدا دەستیان کرد بەخەبات و خۆریکخستنەوە. هەڵبژارن و شکستی کۆمەڵ دروست بونی لیستی چاکسازی و خزمەت گوزاری کەپێکهاتەی (کۆمەڵی ئیسلامی ، یەکگرتوی ئیسلامی، حزبی زەحمەتکێشان(باڵی قادر عزیز)، حزبی سۆسیالست) بوو ، ئەو لیستە لەهەڵبژاردنەکان نەیتوانی دەنگێکی ئەو تۆ بەدەست بهێنێت، وای لەهەر چوار حزبە بەشدارەکەکرد توشی گرفت و کێشەی ناوخۆی ببنەوە، سەرئەنجام بەشێك لەئەندامانی ئەو حزبانە وازیان لەحزبایەتی هێنا، یاخود دەست بەرداری ئەندامیەتی بوون، لەبری کاری ریکخست

خۆیان سەرقاڵی بەدەست هێنانی ژیان و گوزەران کرد، ئەمە سەرەرای ئەوەی بەشێك لەچاودێرانی سیاسی پێیان وابوو ئەو نارەزای یە وای کرد بەشێك لەئەندامانی هەردوو حزبە ئیسلامیەکە دەنگ بەلیستەکە نەدەن، ئەمەش بەشکستی لیستەکەو هەستانەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆن کۆتای هات.

تێگەیشتن لەکاری حزبایەتی ئەندامیەتی و کارکردنی حزبی لەناو هێزە ئیسلامیەکاندا بریتی بوو لەپاداشتی ئاینی و زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامی ، یەککگرتوی ئیسلامی ، بزوتنەوەی ئیسلامی، پێیان وابوو کارکردن و ئەندامیەتی لەناو ئەو حزبانەدا ئەرکێکی ئاینی یە، بۆیە ئامادەبوون کاری جدی بۆ سەرخستنی ئەو حزبانە بکەن، تەنانەت بەشێك لەدۆستان و لایەنگران ئامادەبوون لەو پێناوەدا ماڵ و منداڵی خۆیان فرامۆش بکەن، بەڵام ئەوەی ئیستا بەدی دەکرێت بەشێکیان وەك حزبایەتی بۆ ئەم کارە دەروانن، بەهۆی ئەوەی جیاوازی یەکی زۆر کەوتۆتە نێوان سەرکردەکانی ئەو حزبانەو دۆست و ئەندامانیان.

دۆڵەمەندبونی سەرکردەکانی کۆمەڵ سەرکردەکانی حزبە ئیسلامیەکان بەگشتی و سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بەتایبەتی رۆژ بەرۆژ دۆڵەمەنتر خواپێداوتر دەبن، بەپێچەوانەشەوە ئەندامانیان هەژار و نەدارتر دەبن، سەرکردەکان لەخانوە ئاسای یەکانەوە دەچن بۆ ڤیلا مۆدێرنەکان، دەکەونە ململانێی دۆڵەمەندی و گۆرِینی ئۆتۆمبیلی مۆدیل بەرز لەگەڵ بەرپرسانی حزبی دەسەڵاتدار، بەشێکیان لەبری گەشەدان بەحزبەکەیان سەرقاڵی خۆدۆڵەمەندکردن و دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و مۆدێرنن بۆ ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکانیان، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمە حاڵ و گوزەرانی هەندێ لەئەندامانی ئەو حزبە لەدۆخێکی یەکجار هەژاریدان، تەنانەت ئەندامی کۆمەڵ هەیە خەڵك یارمەتی مادی و مەعنەوەی دەدات.

**دووژنە دەبێتە مۆدیل**

هەمیشە لەناو کوردا واگوتراوە کەپیاو دۆڵمەند بوو یان ژن دەهێنێت، یان پیاو دەکوژێت، بەڵام ریك بەشی یەکەمی ئەو گوتەزایە لەسەر بەشێك لەبەرپرسانی کۆمەڵ پراکتیزە دەبێت، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ دۆڵەمەندبوونیان دەستیان کرد بەهێنانی ژنی و دووەم، لەو نێوەندەشدا چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پەیرەویان لەفرەژنی کرد، یەکێك بەبیانوی نەخۆشی هاوسەرەکەی، یەکێك بەبیانوی رازی بونی خێزانی... هەتد پەیرەویان لەو کارەکرد، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا هەزارەها گەنجی ئەندام و لایەنگری کۆمەڵ لەبەر هەژاری و نەداری ناتوانن ژیانی هاوسەرداری دروست بکەن.

**ئەمیر دەستپێشخەری دەکات**


هێنانی ژنی دووەم لەخواستی بەشێکی زۆر لەپیاواندا هەیە بەتایبەت پیاوانی حزبە ئیسلامیەکان، بەشێکیان وەك هەقێکی ئاینی لێی دەروانن، بەهۆی ئەوەی ئاینی ئیسلام بەمەرجی جۆراوجۆر ریگەی بەفرژنی داوە، پیاو بۆی هەیە ئەگەر مەرجەکانی تێدابێت تاچوار ژن بهێنێت.بەڵام بەشێك لەزانیایانی ئاینی پێیان وایە دانانی ئەو مەرجانە کەمەرجی قورسن بۆ ئەوەیە پیاو وەها بەئاسانی نەتوانێت ژنێکی تر بهێنێت و ژنەکەی پێشوتری فەرامۆش بکات، واتا دانانی ئەو مەرجانە واتە سنوردارکردنی فرژنی یە لەکۆمەڵگە.

لەم چەند مانگەی رابردوو جارێکی تر بەبیانوی نەخۆش کەوتنی هاوسەرەکەی علی باپیر ژنێکی تری هێنا، ئەمەش زۆرترین دەنگدانەوەی سیاسی و راگەیاندنی دروست کرد، بەشێوەیەك بوبەخاڵێکی دیار بەسیمای کۆمەڵی ئیسلامی، بەشێك لەلایەنەکان ئەوەیان وەك بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێنا. ئەمەش وای کرد ئەندامانی تری سەرکردایەتی بیر لەوە بکەنەوە کەژنی تر بهێنن، بەڵام لەبەر قورس نەبونی ئەو هەڵایە پرۆژەی هێنانی ژنی دووەمیان راگرت بۆ کاتێکی نادیار، بەڵام بەهۆی ئەو کارەی ئەمیرەکەیان ریگەیان بۆخۆش بوو کەبیرلەو کارە بکەنەوە.

## عارف ڕوشدی بەپرسی مەکتەبی چاودێری یەکێتی بۆ چرکە

# کارەکانی پاریزگاری سلیمانی پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئێمەبوون ئەوەبوو گۆڕیمان

سازدانی : چرکە



عارف ڕوشدی ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی و بەرپرسی مەکتەبی چاودێری و پشکنینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەدیمانیەکیدا باس لە خۆئامادەکردنی یەکێتیدا دەکات بۆ ئەم هەڵبژاردنەو دەڵێت»دیارە یەکێتی نیشتمانی لەچوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی هەوڵەکانمان خۆی دەخاتە گەر بۆبەدەست هێنانی دەنگی پێویست لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوی عیراق، دووەم یەکێتی هەوڵی بەخۆداچونەوەی کردوە، لەهەموو پێکهاتەکانی خۆیدا چەند کۆنفرانسی بەستوە، وەك کۆنفرانسی مەکتەبی ریکخستن ، کۆنفرانسی مەکتەبی راگەیاندن....هتد کۆمەڵێك ئاڵوگۆری کردوە لەدام و دەزگاکانی خۆی بۆئەوەی کەم و کوڕیەکانی کەهەیبون بتوانێت چارەسەریان بکات، هەموو ئەو هەولانە بۆئەوەیە کەلەئامادەکاری یەکی باشدا بێت بۆ ئەو قۆناغەی کەچاوەڕوانمان دەکات» لەدوای بەستنی پلنیۆم زۆربەی رۆژەکان لەکەناڵەکانی راگەیاندنی یەکێتی کۆمەڵێك هاولاتی پیشان دەدرێن بەناوی گەرانەوەی لایەنگرانی گۆران بۆ ناو ریزەکانی یەکێتی ، بەلام بەرپرسانی گۆران ئەوە وەك سیناریۆی یەکێتی دەزانن، بەشێك لەسیاسیەکانیش گومانی ئەوەیان هەیەکە ئەو کەسانە مەرج نی یە دەنگ بەکاندیدەکانی یەکێتی بدەن، لەم بارەیەوە ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت»من پێم وایە ئەو کەسانەی کاتێك لەکاتەکان لەیەکێتی تۆراون ، بریاری ئەوەیان داوە بگەرێنەوە ئەوە شتێکی ئاسایی یە، یەکێتی جیگە و ماڵی هەموو ئەو هەڤالانەیە کەئەندام بوون تێیدا، ئێمە هەوڵی زۆرمان داوە کەباشتر لەدۆست و لایەنگرانی خۆمان تێبگەین و کێشە

و داواکاریەکانیان جێ بەجێبکەین، بۆیە ئەگەر ئەدای ئێمە باشتر بوو ، خەڵك لێمان رازی بوو ئەوە بەلامانەوە گرنگە، بۆیە هاتنەوەی ئەو هەڤاڵانە ئاسای یە چونکە لەپلنیۆمی چوارەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بریاری لەسەردراوە کەئەو هەڤاڵانە لەبەر هەرهۆکاریك تورەبون لەیەکێتی چونەتە دەرەوە دەرگای یەکێتی واڵایە دەتوانن وەك هەڤاڵانی جاران کاربکەن». لەباری ئەوەی ئایا ئەو گۆرانکاریانەی یەکێتی لەپۆستە حزبی و حکومیەکانیدا کردونی تاچەند پێگەی یەکێتی بەرەو ئاقاریکی باشتر دەبات ، عارف ڕوشدی دەڵێت» ئومێدمان وایە ئەو گۆرانکاریانەی هاویشتومانن ئەنجامێکی باشیان هەبێت ، دڵنیاشم خەڵك دڵسۆزی یەکی زۆری بۆ یەکێتی نیشتمانی هەیە، کەتۆراشبن ئەوە ماڵی خۆیانە، ئیستاش یەکێتی باشتر ئەو مەسەلەیی دراسەکردوە ، حکومەت توانیویەتی کۆمەڵێك بڕیاری چاك بدات کەلەخزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندان، وەك زیادکردنی موچەی ئەنفالکراوەکان، دابینکردنی مافی زیندانی یە سیاسیەکان، کردنەوەی چوار زانکۆ لەشارەکانی رانیە و سۆران و زاخۆ، ، چارەسەرکردنی گرفتی بێکاری، بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی ، گرنگترین شتیش چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێ بونی گەنجان ، ئەمانە و گۆرانکاریەکانی ناوخۆی یەکێتی هۆکاری گرنگن بۆ ئەوەی دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانی لەئاستێکی باشدا بن».

لەچەند مانگی رابردوودا گرژی یەکی زۆر کەوتە نێوان یەکێتی و گۆران، سەرەرای ئاسای بونەوەی ئەو دۆخە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە نزیك بونەوەی هەڵبژاردن جاریکی تر دۆخەکە دەشڵەقێنێت، دۆخی پاریزگای سلێمانی بەرو ئاقاریکی نادیار دەبات. بەڵام عارف روشدی بەرپرسی مەکتەبی چاودێری و پشکنینی یەکێتی بۆچونی وایە کەبرادەرانی گۆران دەست پێشخەری ئەودۆخە بوون و دەڵێت» هەمیشە ئێمە لەگەڵ توندوتیژیدا نەبوین ، کاتی خۆشی ئێمە دەست پێشخەرنەبوین ، دوای ئەوەی سەرۆکایەتی هەریم داوای کرد هەموو لایەك هێوری بنوێنن ، بەڵام ئەگەر سەیری رۆژنامەی رۆژنامەو رۆژنامەی ئاوێنە بکەین کەسەربەئەوانە دەبینین ئەوان ئیلتزاماتیان نەکردوە، ئەو زمانە زبرە هەربەردەوامە، هێرشکردنە سەر یەکێتی هەربەردەوامە لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دانمان بەخۆماندا گرتوە ، بۆئەوەی بۆخەڵکی ئاشکرا بکەین کەجیاوازی بیرکردنەوەی ئێمەو جەماعەتی گۆران چەندە، ئێمە ئامادەنین دۆخی کوردستان هیچ جۆرە شڵەژانێك بەخۆیەوە ببینێت، لەسەر مەسەلەی

**شتی والەئارادانی یەکەبارزانی نارازی بێت کۆسرەت ببێتە جێگری قسەش لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکراوە**

ئەو توندوتیژی یەی کەرویدا لەسلیمانی لیژنەیەك لەپەرلەمان پێکهات کەبرادەرانی گۆرانیشی تێدابوو، گەیشتنە هەقیقەتێك و راپۆرتێکیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردۆتەوە، دەرکەوتوە مەسەلەکان مەسەلەی کۆمەلایەتی، حالەتی شەخیی بوون، هیچ حالەتێکی سیاسی نەبوە، ئێمە داوادەکەین لەبرادەرانی گۆران و لایەنەکانی تر ئەو هێمنی یەی لەکۆردستان هەیە بیپاریزن و هەلبژاردنێکی هێمن بەریوەبچێت ، بۆئەوەی پێگەی هەریم و هێزە سیاسیەکان جێگای ریزی خەلك بێت».

ئەوەی بەرونی لەلیدوانەکانی بەرپرسانی بزوتنەوەی گۆران دەردەکەوێت ئەوەیە کەئەوان گرەو لەسەر بردنەوەی پایزگای سلیمانی و پاریزگای کەرکوك دەکەن، بەلام عارف ڕوشدی دیدێکی تری هەیە، ووتی» ئێمە برەو بەئیش و کارەکانی خۆمان دەدەین ، بەچاککردنی ئەو لایەنانەی خەلك گلەیی لێی هەبوە، بەرونکردنەوەی ئەو مەترسیانەی دێنە سەرهەریم بەتایبەت کەرکوك، ئێمە وەك لیستی هاوپەیمانی کەرکوك بەقودس و دلی کوردستان دەزانین ، بەهیچ شێوەیەك سازش لەسەر کەرکوك، شەنگال ، مخمور و ناوچەکانی تر ناکەین ، لەکاتێکدا ئەمە هەلویستی ئێمەیە، بەلام هەلوێستی برادەرانی گۆران سازشە لەسەرکەرکوك، دەیانەوێت فیدرالیەتی پارزگاکان بەکار بهێنن ، کەرکوك ببێتە فیدرالیەتێکی سەربەخۆ، ئەوە خۆی لەخۆیدا لەدەستدانی کەرکوکە کەئەمە مافێکی ناشەرعی یە، مافێکی ناڕەوایە گۆران داوای دەکات ، مافی هیچ کەسێك نی یە سازش لەسەر ئایندەی کوردستان بکات، بەهەریم بونی کەرکو مانای وایە کەئەوان دەیانەوەێت کەرکوك بۆ کوردستان نەبێت ، ئەمانە بخەلك ئاشکرادەکەین.

لەم ماوەیەدا پاریزگاری سلیمانی دەستی لەکار کێشایەوە، پێش دەست لەکارکێشانەوەی پاریزگار راگەیاندنەکانی یەکێتی بلاویان کردەوە کەپاریزگاری سلیمانی لەگەندەلی یەوە گلاوە، لەم بارەیەوە



ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت» مەسەلەی گەندەڵە یان گەندەڵ نی یە بۆ دادگای بەجێ دەهیلْین ، ئەوە کێشەکە لەدادگایە، دەبێت دادگا بریاری خۆی بدات، هەربریارێك لەدادگا بدرێت ئێمە ئیلتزاماتی پێوە دەکەین ، ئەو گۆڕانکاریانەی لەپاریزگای سلیمانیدا کران مافێکی ڕەوای خۆمان بوو، ئەو برادەرە وەکو پێویست لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێمە نەدەهاتەوە، کارەکانی پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئێمەبوون ئەوەبوو گۆڕیمان «. ماوەیەکە باس لەنزیك بونەوەی لیستی گۆران و پارتی دێموکراتی کوردستان دەکرێت، بەشێك لەسیاسیەکان پێیان وایە ئەو لیك نزیك بونەوەیە یەکێتی نیگەرانکردوە، بەڵام عارف روشدی بەرپرسی مەکتەبی چاودێری و پشکنینی یەکێتی بۆچونێکی جیاوازی هەیە، دەڵێت» بەنسبەتی لیك نزیك بونەوەی برادەرانی گۆران لەپارتی شتێکی وامان لەبەردەستدا نی یە، تابریاری لەسەر بدەین، هەرقسەیە و دەکرێت، بەڵام ئەگەر مەبەست لەپێشوازی برادەرانی گۆران بێت لەلایەن بەریز سەرۆکی هەرێمەوە ، ئامادەبونیان لەمەجلسی سیاسی ئەوە شتێکی سروشتی یە، سەرۆکی هەریم سەرۆکی هەموو کوردستانە مافی خۆیەتی هەموو جیهەتەکان ببسینێت، ئێمە بەشێوەیەکی رسمی نەمان زانیوە پارتی وەکو حزب ، بەدەرلەبەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان پەیوەندیان لەگەڵ گۆراندا هەبێت».
جارجار ئاماژە بۆ ئەوەی دەکرێت کەسەرۆکی هەریم رازی نی یە کۆسرەت رەسوڵ ببێتە جیگری ، بۆیە داوا لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی کراوە کەکەسێکی تر بۆ ئەم پۆستە دەست نیشان بکەن، بە لاّم عارف روشدی ئەوەڕەت دەکاتەوەو دەڵێت «شتی والەئارادانی یە، قسەش لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکراوە«



# لە٥٥٪گەنجانی سلیمانی بروایان بەکارکردن لەناو ریکخستنەکانی حزبی نی یە




بەپێی راپرسی یەکی ریکخراوی ئەندازیاری ئاشتی بۆ لاوان کەلەسەر نارەزایی گەنجان لەپرۆسەی سیاسی لەپاریزگای سلیمانیدا لەناو تویژی گەنجان ئەنجامی داوە، 6هەزار فۆرم دابەش کراوە، 5712 فۆرم گەراونەتەوە، ئەو کەسانە بەشداریان تێدا کردوە کەتەمەنیان لەنێوان 18 بۆ 30ساڵیدایە، ئاستی خوێندەواری بەشداربوان لە49%یان خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگاکانن، لە33%گەنجانیش خوێندکاری ئامادەین، لە19%ش ئاستی خوێندەواریان لەقۆناغی بنەرەتیدایە. ئاستی ئابوری گەنجانی بەشدار بوو 50%یان لەقۆناغێکی خراپ دایە، لە20% گەنجانیش ئابوریان لەقۆناغی مامناوەند دایە، 18% ئەو گەنجانە پێك دێن کەئابوریان باشە، 12%ی گەنجانی بەشداربوش ئابوریان لەقۆناغی زۆرباش دایە. ئەو گەنجانەی بەشداریان لەراپرسیەکەدا کردوە لە60% یا پرۆسەی هاوسەرگیریان پێك هێناوە، لە40% نەچونەتە بواری هاوسەرگیری یەوە.لەوەڵامی پرسیاری پێت وایە گەنجان لەپرۆسەی سیاسی هەریمی کوردستان نارازین ئەوە لە50%یان پێیان وایە گەنجان لەپرسەی سیاسی نارازی نین، لە33%شیان پێان وایە گەنجان زۆر نارازین، لە17%شیان بەنازانم وەلامیان داوەتەوە.لەبارەی هۆکاری نارەزایی گەنجان لەپاریزگای سلیمانیدا لە42%یان هۆکارەکەی دەگەرینەوە بۆ بونی گەندەلی و ناشەفافی لەپرۆسەی سیاسیدا،

25%ی گەنجانیش دەیگەڕێنەوە بۆنەبونی پەیوەندی لەنێوان هاوڵاتیان و بەرپرساندا، لە19%ش قۆرغ کردنی دەسەڵات و ئابوری لەلایەن بەرپرسان بەهۆکار دەزانن، 13%ش دەیگەرینەوە بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری و لاوازی ئینتمای نیشتمانی لەناو گەنجاندا.

لەباری ئەوە تاچەند متمانەت بەکابینەی شەشەم هەیە کەخواستەکانی گەنجان بهێنێتەدی ، ئەوە 54%ی بەشداربوان لەوەلامدا ووتویانە کەم متمانەمان بەکابینەی شەشەم هەیە، لە30%ش تارادەیەك متمانەیان بەکابینەی شەشەم هەیە کەخواستەکانی گەنجان بهێنیتەدی، لە16%ی بەشداربوانیش زۆر متمانەیان بەکابینەکە هەیە.

لەوەڵامی پرسیاری بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقدا دەکەین، لە44%گەنجان بەبەڵی وەڵامیان داوەتەوە، لە30%یش بەنازانم، لە26% بەشداربوانی گەنجیش بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا ناکەن.

لەباری بروابونی کارکردنی گەنجان لەناو ریکخستەکانی حزب ، لە55%گەنجان بروایان بەکارکردن نی یە، لە33%شیان کەمتر بروایان بەکارکردنی حزبی هەیە، لە12%گەنجانیش زۆر بروایان بەکاری رێکخستنی حزبی هەیە.

لەوەڵای ئەوەی تاچەند ریکخروەکانی گەنجان و کۆمەڵگەی مەدەنی توانیویانە خزمەت بەتوێژی لاوان بکەن، ئەوە 51%ی گەنجان پێیان وایە ئەو ریکخراوانەکەم خزمەتیان بەگەنجان کردوە، لە34%یشیان بۆچونیان وایە ئەو ریکخراوانە هیچ خزمەتێکیان بەلاوان نەکردوە، لە15%شیان بۆچونیان وایە کەئەو جۆرە ریکخراوانە زۆر خزمەتیان بەتوێژی لاوان کردوە.

لەوەڵامی پرسیاری بەشدار کورد بەلیستی جیاوازت بەلاوە پەسەندە ، ئەوە 43%ی گەنجان پێیان وایە لیستی جیا خزمەت بەدۆزی کورد ناکات، لە25%یش بۆچونیان وایە خزمەت بەکورد دەکات، لە13%ی گەنجانیش لیستی جیاواز وەك سەرەتای سازادی سیاسی دەبینن، لە13%شیان پێان وایە لیستی جیا پێگەی کورد لەبەغدا لاوادەکات.

لەبارەی میکانیزمەکانی کەم کردنەوەی نارەزایی گەنجان لەپرۆسەی سیاسی هەریمی کوردستاندا، ئەوە 40%گەنجان باشترکردنی ئابوری گەنجان بەچارەسەردەزانن، لە16%شیان چارەسەر لەکەم کردنەوەی هەیمەنەی حزب بەسەر حکومەتدا، لە18%شیان نەهیشتی گەندەڵی و پێکهێنانی لیژنەی نەزاهە لەسەر بەرپرسان بەچارەسەر دەبینن، 14%شیان پێان وایە چارەسەر لەریگەی باشکردنی پەیوەندی نێوان بەپرسان و هاوڵاتیان دەبێت، لە12%شیان پێدانی پۆست بەگەنجان وەك چارەسەری کەم کردنەوەی نارەزایی گەنجان دەبینن.



# ئەو سیاسەتەی کە(N.G.O) کان خوویان پێوەگرتووە



**سابیر حوسێن**

دەتوانم بەبێ هیچ دوو دڵیەك بڵێم کەبۆتە دیاردە لەناو هەموو ڕێکخراوە و سەنتەرو کۆمەڵە و سەندیکایەك کە بەمەبەستی خۆدەربازکردن و پەرینەوە و پاساو هێنان بۆ کەم و کوڕیەکانیان فێری چەند ڕستەیەکی سواوکلاسێك بوونە کە هەمیشە وەك ئەوەی بڵێ لەیەکیان گێڕابێتەوە وایە بەجۆرێك هەموو بەرپرسانی یەکەمی ( N.G.O )کان وەکو تووتی دەیڵێنەوە و دووبارەی دەکەنەوە بەتایبەتی ئە و کاتەی کە لێیان دەپرسی لەبەرچی کارێکی هاوشێوەی فلانە ڕێکخراوی فلانە وڵاتتان ئەنجام نەداوە و هەوڵتان نەداوە کە ئەزمون لەوان وەربگرن و لە هەرێمی کوردستان ئێوەش ئەو پرۆژە خزمەتگزاریە پراکتیك بکەن؟! ئەوانیش یەکسەر بۆ ئەوەی خۆیان دەربازبکەن بەم شێوەیە وەڵام دەدەنەوە(بەنیازین کارێکی لەو شێوە بکەین،یان دەڵێن ئێمەش بیرمان لەپرۆژەیەکی واکردۆتەوە لە ئایندەیەکی نزیك بەتەماین جێبەجێ ی بکەین یان دەڵێن لەساڵی داهاتوو پلانی ستراتیژیمان بو چەند پرژەیەکی خزمەتگوزاریلەم شێوەیە دارشتوە ،یان دەڵێن لەگەڵ چەند ڕێکخراوێك ڕێکەوتوین کە بەم شێوەیە ستایلی کارەکانمان دارێژینەوە...هتد.

ئەمانە هەموو ئەجۆرە پاساو هێنانەوانەن کە بەداخەوە زۆرێك لە سەرۆك دەستەی کارگێڕی ( N.G.O )کانی هەرێمی کوردستان فێری وتنەوەی بوونە. کە بەشێوەیەکی بەردەوام تەنانەت لە کۆڕو سیمینارو هەتا دەگاتە کۆنگرەکانیشیان بەڵێنی لەو شێوەیە دەدەن،بەڵام دواتر جێبەجێ ناکەن و وەك ئەوەی بڵێ کە هەرگیز قسەیان لەوبارەوە نەکردبێ و لەبیر خۆیانی دەبەنەوە. بەڕاستی گرتنەبەری ئەم شێوازە لەفرت و فێڵ کردن داتر تەنها بەزیانی میسداقیەتی کۆمەڵگەی مەدەنی ناشکێتەوە،بەڵکو ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی خەراپی بەسەر ئەو گەنج و لاو و چین وتوێژانەش دەبێت کەبەشداری لەو جۆرە خولانەدا دەکەن،چونکە متمانەیان بە بەڵێن و پەیمانەکان نامێنێ کە دواتر هەر ئەم ڕەفتارە لە ژیانی خۆیان ڕەنگدانەوەی خەراپی لێ دەکەوێتەوە،چونکە ئەوان بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشای ڕێکخراوە و سەنتەرو کۆمەڵەکان دەکەن و بە نوێنەری خۆیان دەزانن کە دوارۆژ داکۆکی لە مافە سروشتیەکانیان بکات،کەچی کاتێك تێکەڵیان دەبن روبەروی واقیعێکی زۆر تاڵ دەبنەوە کە بەچاوی خۆیان ئەو بێ بەڵێنەیان لێ دەبینن،کە ئەمەش وادەکات چین و توێژەکان وردە وردە لەو( N.G.O )یانە دوور بکەونەوەو لەجیاتی چوونە ریزیان ئەوانیش لەدژیان بوەستنەوە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوانەش بکەین کە ڕێکخراو و سەنتەری ئوتۆ هەیە کەبۆتە مایەی متمانە و ڕێزی ئەو کەسانەی کە هاتوچۆیان دەکەن،چونکە لەچوارچێوەی بەڵێنەکانی خۆیان دەرناچن و پابەندی ئەخلاقیاتی ڕێکخراوەیین و هەڕەمەکیانە بەڵێن نادەن و دواتر جێبەجێ نەکەن،بەڵکو لە چوارچێوەی تواناکانی خۆیان و دەسەڵاتی دیاری کراوی خۆیان لێدوان دەدەن،جێگەی داخیشە هەموو ئەو سەنتەر ڕێکخراوانەزۆر چاك هەڵەی خۆیان دەزانن و ئەمەش دەزانن کە خەڵکی بە چاوێکی نزمەوە لێیان دە ڕوانێ،بەڵام لەبەر هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەست بەرداری ئەو رەفتاریان نابن کە واتە پێویستە لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی کوردستان ئەو ڕۆڵە ببینێ و باش و خەراپی سەنتەرو ڕێکخراوەکان لەیەکتری جیا بکەنەوە،تاوەکو ئەوانەی چاکیشن بە خەراپی ئەوانەوە نەسوتێن.